

ئاپۆڕای گوزارشتە ئازادبوەکان لە هەموو چوارچێوەیەك نقووم دەکەم.

زنار: ئایا شیعرت بە لەهجەی گشتی(عامی) نوسیوە؟، عامی یاخود (فصحی) کامەیان کاریگەرترە بۆ ناوبانگ و ناسین.

فەواغی: کەمێك، بەڵام لەوێدا نادۆزرێمەوە...هەندێك جار بۆ ساتێکی راگوزەر، تۆزێك، دڵۆپەیەك کۆدەکەمەوەو لەبەردەم رەشماڵەکەیدا دەڕوێم... دواتر خێرا بەرەو ئەو شوێنە رادەکەمەوە کە مۆسیقای گیانمی لێیە...و ناوبانگیش هەزار دەرگای هەیە لێیبدرێ، هەر هەمووشیان وەکو سفرەیەکی پڕ لە خواردنی جۆراوجۆرن، بەڵام هەر کەسەو بە گوێرەی حەزی خۆی نیگای دەچێتە سەر ئەو خواردنەی ئیشتهای لێیەتی. بۆیە هیچیان چاکەیان بەسەر ئەوی دیکەوە نیە.

زنار: فەواغی شیعری کێ دەخوێنێتەوە، بەکێ سەرسامە، شوێنکەوتەی کێیە

فەواغی: سەرەتا شاعیرە کۆنەکان، ئەلئەندەلوس و ئیبن زەیدون عەشقی یەکەم و هەمیشەیی منن، دواتر ئەوانەی لەدوای ئەوان هاتوون تا دەگاتە باوکم و نزار قەبانی و ریحانەکانی ئەو سەردەمەمان.

زنار: زەمەنێکە جیهانی ئەدەبی عەرەبی لەدایك بوونی زەبەلاحەکانی (عملاق) بەخۆوە نەیدیتووە، ئایا سەردەمیان کۆتایی هات.

فەواغی: نا، مەسەلەکە بەو شێوەیە نیە.. بەڵکو راگەیاندنی پەردەپۆش بە باڵاپۆشی رۆشنگەری هەندێك رووناکی لێ دزیون، بەڵام ئێستا لە قۆناغی ئاشتبوونەوەی نێوانیان داین، بەجۆرێك کە لەجیاتی داپڕینی یەکتری، یەکتر بگرنە خۆیان..و ئەدەبی هاوچەرخیش پەرچەمی باڵاو جۆراو جۆری هەیە.

زنار: ئەدۆنیس دەڵێت" شیعر ئەو کە سیەیە جیهان لەڕێگایەوە هەناسە دەدات" ئایا شیعر لەم سەردەمی تەکنەلۆژیاو شۆڕشی زانیاریەدا واماوە؟ پێت وایە هەژمونی مادده ببێتە هۆی لەناوچوونی هەست و سۆز.

فەواغی: هەست و سۆز خۆرسکەو نافەوتێ، بەڵام سەردەمەکە قیامەتێکی هەیە کە نادیدە ناگیرێ.. ئەو نوێگەریەش دوور لە پاکی و بێگەردی رامان دەماڵێ.. لە شمشاڵ و نایەوە بۆ ئامێرەکانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت.. لە روناکی مانگ و چراوە بۆ گڵۆپە رۆشنەکان...ئەو پاکی و بێگەردیە وردە ووردە ئاڵودەبوو، ئیدی دەنگی شمشاڵ لەبەر ژاوەژاوی ماشێنەکان بەهیچ شوێنێك ناگات.

زنار: هەندێک پێیان وایە شیعری عەرەبی لە قەیران دایە، تۆ دەڵێی چی؟ ئایا ئەو قسەیە راستە.

فەواغی: تا راددەیەك لەوانەیە، چونکە پانتاییەکانی ئەو کاریگەریەی دروستی کردبوو ئەستێرەی روو لە کزیەو ئەو دەنگەی پڕ بە پێدەشتەکان هاوار دەکات دەنگی تەکنەلۆژیایە، شیعر خۆی لە گۆشەیەکدا کەنارگیر کردووە بۆ ئەوەی دور بێت لە شێواندن... بەڵام ئەم گۆشەگیریەش بەرهەمی نەبوو، ئیدی گەوجیەتیەکی ڤێزەون هێرشی بۆ هێناوەو ئەو وێنە جوانەی شێواندوە.

زنار: مۆدیلێکی تازەی ڤیستڤاڵی شیعری لەهەندێك کەناڵی ئاسمانی عەرەبیەوە دەبینین، هەموو شیعرەکان پیاهەڵگوتنە بە فلان ئەمیرو فیسار پاشاو سەرۆك... ئایا شاعیرەکان بۆ وەزیفە کۆنەکەی خۆیان گەڕاوەنەتەوەو بونەتەوە بە شایەر لەدەرباری میرو پاشاو سەرۆکەکان..ئایا ئەمە وەزیفەی راستەقینەی شیعرە.

فەواغی: شیعر هەستە، بەڵام ئەوەی لەم جۆرە دەهۆڵکوتان و پیاهەڵگوتنە دەگوترێ شیعر نیە، بەڵکو بوختان و درۆیەکی بێ ئابڕویە خوێنەرەکەی هەست بە سازگاری خوێندنەوەی ناکات و هیچ جوانیەکی تێدا نابینێت شایانی باسکردن بێت... لە دوێنێدا شاعیرەکان بەهۆی میرێك یا خەلیفەیەکەوە ببون بەقەلەرەشی دەربار، ئەمە جۆرێك بوو لە دوڕوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی ئەم و پایەی ئەوی دیکە.. ئەمە جگە لەحەزو ئارەزووی وەرگرتنی دیاری و خەڵات و پاداشت.. ئێستاش هەمان ئەو شتەی رابردوو دەبینین کە هەندێك شاعیر گەڕاونەتەوە بۆ ئەو کارەو دەنگی ڤێزەونیان بەرزبۆتەوەو بۆ نەگبەتی زەمانە بوونەتەوە بە شایەری سوڵتانەکان وەك لە رابردوودا.

زنار: فەواغی تاچەند شارەزایی بە ئەدەبی کورد هەیە.

فەواغی: زۆر ئەو ئەدەبە بەرزە دەخوێنمەوە کە بە ئەبجەدیەتی عەرەبیەکی بێگەردو پاراو بە بەلاغەتێکی کەم وێنە نوسراوەتەوە.. زۆر جاریش گوتوومەو دەیڵێمەوە کە لەو سەردەمەدا کورد لەهەموو کەس باشتر عەرەبی دەنوسن..و لە هزرمدا ناوە بەرزە کوردیەکانی وەکو﴿سەلیم بەرەکات، هۆشەنگ ئاوسی، محەمەد نور ئەلحوسەینی، ئاخین وڵات، عەبدولرەحمان عەفیف﴾و زۆری دیکە دەدرەوشێنەوە..و داستانی مەم وزین درەختێکی گەورەیەو لەناخی گیاندا چڵ و پۆپی دەرکردوەو کورد بەهەموو جوانی و سۆزو عەشقە ناسکەکەیانەوە لەهەموو کات و ساتێکدا دێنێتەوە یادمان.

زنار: دۆزی فەلەستین کاریگەری بەسەر شاعیری کوردەوە هەبوەو چەندین شیعریان بۆ مەسەلەی رەواو مەزلومیەتی گەلەکەی هۆنیوەتەوە.. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە بۆچی برایانی عەرەب جگە لە جەواهیری گەورە، هاوسۆزی خۆیان بەرامبەر نەتەوەیەك دەرنەبڕیوە کە بە دڕندانەترین شێوە ئەنفال و کیمیاباران دەکراو زیندەبەچاڵ دەکرا، بۆ هەموو ئەو دیمەن و کارەساتانە کاری نەکردە سەر هەستیان.

فەواغی: رەنگە لەبەرئەوەی مەسەلەیەکی نیشتمانی ناوخۆ بووەو بەداخەوە لەزۆر وڵاتی عەرەبی توندوتیژی هەیە ئەگەر بە پلەی جۆراوجۆریش بێت. ئەمە سروشتی رۆژهەڵاتە، وەکو نەعامە سەرمان دەخەینە ناو لمەوە لەبەرخاتری ئەوەی پێویستە ببینین،

داستانی مەموزین درەختێکی گەورەیەو لەناخی گیاندا چڵو پۆپی دەرکردوەو کورد بەهەموو جوانیو سۆزو عەشقە ناسکەکەیانەوە لەهەموو کاتو ساتێکدا دێنێتەوە یادمان




نەبیبینین... بەڵام کێشەی فەلەستینیەکان کێشەی نەتەوەیەکە لەلایەن دەوڵەتێکی زۆردارەوە داگیرکراوەو لەسەر خاکەکەی یاری پاکتاوکردنو خوێنرێژی ئەنجامدەدات، شەست ساڵەو بەرد لەدەستی منداڵێك یاخود ژنێك جیانەبۆتەوەو لوولەی تفەنگی گەنجو پیرەکانی سارد نەبونەتەوە.. ئەم خۆڕاگریە کەم وێنەیە لە بەرگریکردنو رووبەڕووبونەوەو دیمەنی قەسابخانە رۆژانەی کۆتایی نایەتو وێنەی دارەمەیتی منداڵانو چەندین وێنەی کارەساتباری دیکە کاریگەری لەسەر هەستی هەموو خاوەن قەڵەمێك دروستکردووە.

زنار: دوا بەرهەمی فەواغی چیە.

فەواغی: کاتێك کە بەندەری ، بەڵکو وێستگە هەیە کە پشووی تیادەدەین،و وێستگەی ئێستاشم دیوانێکی نوێیە لە تێکستە پەخشانەکانم بەناوی «موائد الحنین» چاوەڕوانی دەرچوونیم لەم چەند رۆژەدا کە لەلایەن دەزگای «شمس للنشرو الاعلام» دەردەچێت.

زنار: پەیامت بۆ گەلی کوردو ناوەندی ئەدەبی کوردی چیە.

فەواغی: لەوانەیە یەکێك لە سەیروسەمەرەکان ئەوە بێت کە عاشقی گەلێكو ئەدەبەکەی بوومو کەسیشی لێناناسم، هەموو ئەو هەستە جوانانەی بەرامبەر ئەو گەلە زوڵملێکراوە«ئەگەر وشەکە پڕ بەپێستی خۆی بێت» ئەو هەستو پەیڤە جوانانەیە کە بەرچاوم دەکەوێت...و هیوادارم کە ئەو گەلە جوانەش بەئارامی بژی تاوەکو لە باخچەکەی ئەو میوە بە چێژانە بچینینەوە کە هەموو ئەو پێنووسە سازگارانە بۆمان دەگێڕنەوە.





# کەمئەندامانی ڕانیەو قەڵادزێو چەند قسەیەك

**کامەران عەبدە ساڵح**

بەپێی بڕیارێکی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە مانگی ئاداری ٢٠٠٨ – ەوە موچەی کەمئەندامانی کوردستان لە (٣٠) هەزار دینارەوە بۆ (٥٠) هەزار دینار زیاد دەکرێت، ئەو کەمئەندامانەش کە لە شوێنی دیکە موچە وەردەگرن، موچەی چاودێری کۆمەڵایەتییان کەمدەکرێتەوە بۆ تەنها مانگانەی (٢٠) هەزار دینار.

**کەمئەندامان بەگشتی:**

بەپێی ئامارەجیهانییەکان، لە جیهانی ئەمرۆدا نزیکەی ٥٠٢ملیۆن کەمئەندام بوونیان هەیە[١]، لەکۆی ئەو ژمارەیە تەنها یەك ملیۆنو دووسەدوپەنجاهەزاریان لە وڵاتانی پێشکەوتوودا دەژین، ١/٣ی ژمارەی کەمئەندامانی جیهان مندالّن. شارەزایان پێشبینیانکردووە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٢دا ئەو ژمارەیە بۆ سەرووی ٦٠٠ملیۆن[٢] بەرزببێتەوە! هەرچەندە پێشکەوتنی بواری زانستی پزیشکی لەسەردەمی خێرای ئێستادا توانیویەتی تاڕادەیەك سنورێك بۆ بەکەمئەندامبوونی مرۆڤەکان لەڕووی جەستەییەوە دابنێت، بەڵام لەولاوە بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا جۆرێکی دی لە کەمئەندامی[٣] بەسەر تاکەکاندا سەپاندووە، کەئەویش خۆی لە (کەمئەندامی دەروونی) دا دەبینێتەوە.

زیادبوونی ڕێژەی تاوانو خۆکوشتنو دیاردەی بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر لەناو لاوانی ئەمریکاو چەندین وڵاتی دیکەدا باشترین بەڵگەی ئەم ڕاستییەن. بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، کەمئەندام هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە هیچکام لە شێوازەکان توانایان نیە پێداویستیە سەرەکیەکانی خۆیان فەراهەم بکەن، جا بەهەر هۆیەکەوە کە کار لەسەر توانای عەقڵی یاخود جەستەیی بکات[٤].

لەیاسای عێراقیشدا هاتووە: کەمئەندام کەسێکە توانای کارکردنو سەقامگیربوون لەسەری کەمبۆتەوە یان نەماوە، جا ئەمە بەهۆی کەموکوڕی جەستەیی یان عەقڵی یان دەروونیەوە هاتبێتەکایەوە[٥]. دەربارەی مافەکانی کەمئەندامان، لە خاڵی حەوتەمی جاڕنامەی ژمارە ٣٤٤٧/٣٠ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (کەلە ٩/١٢/١٩٧٥) دەرچووە، داواکراوە کەمئەندام مافی سودمەندبوونی هەبێت لە بیمەی کۆمەڵایەتیو ئابوریدا، لەپێناو دابینکردنی ئاستێکی شایستەی ژیان، بەگوێرەی ئەو توانا فیکریو جەستەییەی هەیەتی دەبێت هەلی کارکردنی بۆ بڕەخسێنرێت.

لە ماددەی ٤٦ی بڕیاری ژمارە ١٠٣١ی یاسای عێراقی تایبەت بە کەمئەنداماندا کە لەڕۆژی ٢٨/٦/١٩٨٠ دەرچووە هاتووە: کەمئەندامان بۆیان هەیە لە خزمەتگوزاری ئامادەکردنی پیشەیی کەڵك وەربگرن، لەڕێگەی بوونەئەندام لە یەکێك لە یەکەکانی ئامادەکردنی پیشەیی، بە ڕەچاوکردنی شێوازی کەمئەندامییەکەی. لە ڕوانگەی ئەوەوە کە کەمئەندام بەرلەوەی هەرشتێك بێت مرۆڤە، پێویستە لەسەر دەوروبەرو دامودەزگاپەیوەندیدارەکانی حکومەت لە ڕووی کۆمەڵایەتیو دەروونیەوە پێداویستیەکانیان دابین بکەن. ئەرکی حکومەتە چاودێری پزیشکیو دەروونی بۆ کەمئەندامان دەستەبەربکات، هەروەها پاراستنیان لە شێوازەکانی چەوساندنەوەو توندوتیژی لەسەر هەربنەمایەك بێت ئەرکێکی دیکەی حکومەتە بەرامبەر کەمئەندامان.

پێویستە کۆمەڵگەو حکومەت دەرك بەوەبکەن کە فێرکردنی کەمئەندامان لەسەر ژیانی خێزانیو دابینکردنی پێداویستیە ڕۆشنبیریەکان، هەوڵدان بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان کەمئەندامو تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا، لەو کارە گرنگانەن کە جێبەجێکردنیان دەبێتە هۆکارێك بۆ بنیاتنانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو.

**زیاتر لە (٢٥٠٠) کەمئەندام لە ڕانیەو قەڵادزێ هەیە:**

بە گوێرەی ئەو ئامارانەی لەبەر دەستدان، نزیکەی دووهەزارو شەشسەد کەمئەندام لە سنوری ڕانیەو قەڵادزێ ناونووسکراون، کە زیاتر لە هەشتسەدیان جۆری کەمئەندامییەکەیان (ئیفلیجی گشتی)ـە، نزیکەی شەشسەدیان بەهۆی جیاجیاوە دەست یاخود قاچیان بڕاوەتەوە. (بەختیار)ی تەمەن بیستوپێنج ساڵ، هەروەك خۆی باسیکرد دە ساڵ لەمەوبەر بەهۆی کەوتنە ژێر تراکتۆرەوە هەردوو قاچەکانی توانای ڕۆیشتنیان لەدەستداوە، هێدی هێدی دەیویست بە پشتیوانی هەردوو دارشەقەکەی دەستی بەرەو بازاڕ ڕێگە ببڕێت، هەرچەندە چەند هەنگاوێکی کەمی نابوو، بەڵام ماندوێتی پێوەدیاربوو، ئارەقە بە نێوچاوانیدا دەهاتەخوار.

ئەو گووتی: هەرچەندە بەم حاڵەوە زۆر درەنگ دەگەمە ئەو شوێنەی مەبەستمە، بەڵام چیبکەم ناتوانم هەموو کاتەکانم لەچوارچێوەی ماڵەوەدا بەسەرببەرم، چونکە هەست بە دڵتەنگی دەکەمو، خەمەکانم زیاتر دەبن. بەختیار ئاماژەی بەوەشدا کە کەمئەندامیەکەی ڕێگربووە لەبەردەم پێکهێنانی ژیانی هاوسەریدا (ماڵو منداڵ چۆن بەڕێوەببەم، موچەی مانگانەی کەمئەندامییەکەم تەنها سی هەزار دینارە، لەکاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو ژیانی ئێمەمانان لەڕووی ماددیو مەعنەوییەوە فەراهەمکراوە).

(ژیرۆ)ی تەمەن شانزەساڵ، بەچەند مانگێك دوای لەدایکبوونی تووشی ئیفلیجی گشتی بووە، ڕۆژانە بەسواری عەرەبانەکەیەوە لەپێش دەرگای ماڵەکەیان دادەنیشێت، بەدیار گوزەری ئەو کەسانەوە کە بەوناوەدا تێدەپەڕن خەیاڵ دەیباتەوە، خەو بەوەوە دەبینێت کە ڕۆژێك بێتو ئەمیش وەك ئەو خەڵکە بە قاچەکانی ڕێگە تەی بکاتو، دەستەکانیشی بە جووڵە بکەون. دایکی ژیرۆ لەبارەی ژیانی کوڕەکەیەوە گووتی: زۆر بێتوانایە، شەوانە دەبێت خۆمان لەسەر عەرەبانەکەی بیهێنینە خوار بۆ خەوتن، تەنانەت توانای چوونە سەرئاویشی نیە، شانزەساڵە من خاوێنی دەکەمەوە. داواشی لە دەزگا پەیوەندیدارەکان کرد بایەخی زیاتر بە کەمئەندامان بدەن، چونکە توێژێکی بێبەشی کۆمەڵگەن.

(دڵبەند) کچێکی نابینای دانیشووی ڕانیەیە، هەر لەزگماکەوە چاوەکانی لەدەستداوە، ئەو گەرچی نابیناییەکەی نەبۆتە ڕێگر لەبەردەم بەڕێوەچوونی ژیانی



**کەمئەندامان پێویستیان بە چاودێری‌و مامەڵەی تایبەتی هەیە**

ڕۆژانەی‌و هەمیشە بە گەشبینییەوە دەڕوانێتە ژیان، بەڵام گلەیی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی کرد کە وەك پێویست بەدەم داواکاریەکانیانەوە نایەت‌و، تائێستا پرۆژەیەکی زانستیانەی ئەوتۆی نەخستۆتەکار کە نابینایان دڵخۆش بکات. (ئەژین) نابینایەکی تری دەڤەری بیتوێنە، وەك فێرخوازێك بەشداری لەو کۆرسەدا کردووە کە ساڵی ڕابردوو لەلایەن ژنەهونەرمەند (تارا ڕەسول) بە هاوکاری ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی ڕانیە، بۆ فێربوونی خوێندنەوەو نووسینی لاتینی تایبەت بە نابینایان لە ڕانیە کرابۆوە، (ئەژین) زۆر خۆشحاڵە بە کردنەوەی ئەم کۆرسەو، هیواخوازە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەوڵی لەوجۆرە بدات بۆ خزمەتکردنی نابینایان‌و کەمئەندامان.

(کاوێس)ی دوکاندار تەمەنی سی‌ودوو ساڵە، هەر لە منداڵییەوە بەهۆی دەرزی لێدانی هەڵەوە ڤاچێکی شەل بووە، گووتی: هاتوچۆی ڕۆژانەم لەماڵەوە بۆ دوکان‌و بە پێچەوانەوە، زۆر ماندوم دەکات‌و گرفتی بۆ دروستکردووم، داواکارم حکومەتی هەرێم بیر لە دابەشکردنی ئۆتۆمبێلی تایبەت بکاتەوە بەسەر کەمئەنداماندا، هەروەك چۆن لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهاندا ئەم خزمەتگوزارییە ئەنجامدەدرێت. (ئەبوبەکر)ی تەمەن چل ساڵ، وەك خۆی دەڵێت پانزەساڵ لەمەوبەر بەهۆی تەقینەوەی مینەوە بەشێکی دەستی ڕاستی لە دەستداوە، گووتی: هەموو کارێکم پێناکرێت، هەرچۆنێك بێت لەبەر دەرگای ماڵەوە دوکانێکی وردەواڵە فرۆشتنم داناوە، گەر منداڵەکانم هاوکاریم نەکەن ئاستەنگم بۆ دروست دەبێت. ئەویش وەك هەر کەمئەندامێکی دی داوایکرد حکومەتی هەرێم ئاوڕێکی جددییان لێبداتەوە، بە بڕوای ئەو (زۆربەی کەمئەندامان هەژارو دەستکورتن).

پارێزەر (محەمەد حەمە سەعید) لە ڕوانگەی یاساییەوە لەبارەی کەمئەندامان دواو، گووتی: بەپێی یاسای عێراقی، کەمئەندام ئەو کەسەیە کە توانای بۆ کارکردن یان دەستەبەرکردنی کارو سەقامگیربوون لەسەری کەم بکات یان نەمێنێت، بەهۆی کەموکوڕی یان تێکچوونی توانای عەقڵی یان دەروونی یان جەستەیی. هەروەها گووتی: لە بڕگەی یەکەمی ماددەی چل‌وپێنج لە بڕیاری ژمارە هەزارو سی‌ویەك لە یاسای عێراقی تایبەت بە کەمئەنداماندا هاتووە (ئامادەکردنی کەمئەندامان‌و گێرانەوەیان بۆ کارو پیشەکانیان کە پێشتر بەر لە کەمئەندامبوون ئەنجامیاندەدا، یان ئامادەکردن‌و ڕاهێنانیان لەسەر کارو پیشەی تر کە بگونجێت لەگەڵ پاشماوەی تواناکانیان لەڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی زانستی‌و هونەری‌و پەروەردەیی نوێ‌و پیشەیی‌و تەندروستی‌و کۆمەلایەتی‌و فیکری، تا ڕۆڵی خۆیان لەبونیاتنانی کۆمەلگەی سۆسیالیستیدا ببینن)، لە بڕگەی سێهەمی هەمان ماددەشدا هاتووە (ئەو کەسانەی بەتەواوی کەمئەندامی پەککەوتوون، دەبێت چاودێری بکرێن لە ڕێگەی دامەزراندنی مەڵبەندو ئۆردوگا، بۆ چاودێریی کۆمەلایەتی‌و پزیشکی‌و دەروونی کە تیایدا هەموو کارە خزمەتگوزاریەکان یەکتر تەواو بکەن، بەجۆرێك کە ژیانێکی ئابڕوومەندانەو ئارامیان بۆ دابینبکەن).

مامۆستا(حەسەن محەمەد) هەڵسوڕاوی بواری مافەکانی مرۆڤ، لە بارەی مافەکانی کەمئەندامانەوە گووتی: بەپێی جاڕنامەی مافی کەمئەندامان کە ساڵی هەزارو نۆسەدو حەفتاو پێنج لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووە، پێویستە لەسەر حکومەت چاودێری دەروونی‌و پزیشکی بۆ کەمئەندامان دابینبکات، بۆ دوبارە ئامادەکردنیان‌و ڕێنماییکردنیان بۆ گەشەپێدانی داواکانیان تا ڕادەی ڕەخساو، مافی ئەوەی هەیە بەگوێرەی توانای خۆی کاری بۆ دابینبکرێت، بەڵام بەداخەوە هێشتا ئێمە نەگەیشتوینەتە ئەو ڤۆناغەو، کەمئەندامانی کورد تا ڕادەیەك فەرامۆشکراون. دواجار سەرچاوەیەك لە لقی ڕاپەڕینی (کۆمەڵەی ڕۆژ) ئاماژەی بەوەدا کە نزیکەی دووهەزارو شەشسەد کەمئەندام لە سنوری لقەکەیان ناونووسکراوە، کە زیاتر لە هەشتسەدیان جۆری کەمئەندامییەکەیان (ئیفلیجی گشتی)ە، نزیکەی شەشسەدیان بەهۆی جیاجیاوە دەست یاخود ڤاچیان براوەتەوە. سەرچاوەکە دلگرانی خۆی لەو بڕیارەی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەربڕی کە بەمدواییە دەرچووەو، بەپێی بڕیارەکە ئەو کەمئەندامانەی لە شوێنێکی تر مووچە وەردەگرن، مووچەی کەمئەندامییەکەیان کەمدەکرێتەوە بۆ بیست هەزار دینار، هەروەك بێئومێدی خۆیشی نیشاندا لەوەی بەمزوانە هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەك پێشکەش بە کەمئەندامانی هەرێمی کوردستان بکرێت.

شایانی باسە، بە شێوەیەکی گشتی کەمئەندامان بەسەر چوار کۆمەڵەدا دابەشدەبن، ئەوانیش (کەمئەندامی دەروونی، کەمئەندامی جەستەیی، کەمئەندامی کۆمەلایەتی، کەمئەندامی هەستیی وەك : نابینا – لاڵ ).

پەراوێزەکان:

١ بەپێی ئەو ئامارە،١٠٪ی دانیشتوانی گۆی زەوی کەمئەندامن.

٢ ساڵی ٢٠٠٢ ژمارەی کەمئەندامان ٤٥٠ ملیۆن کەس بووە، بە پێی توێژینەوەکان هەر دە ساڵ جارێك ١٥٠ ملیۆن کەمئەندام لە سەرتاسەری جیهاندا زیاد دەکات.

٣ بەشێوەیەکی گشتی کەمئەندامان بۆ چوار کۆمەڵە پۆلێنکراون (کەمئەندامی کۆمەلایەتی، کەمئەندامی جەستەیی، کەمئەندامی دەروونی، کەمئەندامی هەستی).

٤ بڕگەی (١) لە جاڕنامەی مافی کەمئەندامان – ژمارە ٣٤٤٧/٣٠ لە بەرواری ٩ی کانونی یەکەمی ١٩٧٥.

٥ ماددەی (٤٣) لە بەشی یەکەمی بابی چوارەمی بڕیاری ژمارە ١٠٣١ی یاسای عێراقی تایبەت بە کەمئەندامان – لە بەرواری ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٨٠.


سەرچاوەکان:

١ نیمەجستەها – نوشتە: نوزاد حسن پور تهران ١٣٨٠

٢ همەانسانها – نوشتە: محمد نورابادی – شیراز ١٣٧٧

٣ کەمئەندامان – نووسینی: عبدالصمد عبدالامیر وەرگێڕانی : دلێر میرزا – چاپی یەکەم – ٢٠٠٢

٤ السلوك الاجتماعی للمعوقین – تالیف: محمد سیدفهمی – الاسکندریە – ١٩٨٣

٥ قانونهاو تحلیل – نوشتە: حمید اردبیلی.



# ئارام رەسوڵ مامەند :
# هەر رۆژگارێ کە پێموابوو بارگرانیم بەسەر میللەتەکەمەوە ناتوانم خزمەتی بکەم، پێویستە ئەو جێگایە بەجێبهێڵم بۆ کەسێکی تر

**دیمانە: فەرەیدون بێوار**

ئارام رەسوڵ پەرلەمانتارو کوڕی شەهیدی سەرکردە"رەسوڵ مامەند" ساڵی ١٩٧٤ لە دایك بووە. چەند ساڵێك بەهۆی پێشمەرگایەتی‌و کاری سیاسیەوە بنەماڵەکەی ئاوارەی ئێران بووە. ساڵی ١٩٨٠چووەتە دەرەوەی کوردستان‌و لە بەریتانیا نیشتەجێ بووە. لەوێش لە کۆلێژی " یاساو رامیاری" تا قۆناغی دووەمی خوێندووەو ساڵی ١٩٩٩ گەڕاوەتەوە کوردستان. ساڵی ٢٠٠٤ بۆتە جێگری بەرپرسی لقی١١ی(پ.د.ك). لە خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، لەسەر لیسی زەرد بۆتە پەرلەمانتار. لە پەرلەمانیشدا جێگری سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەیەو ئەندامی لیژنەی رۆشنبیریی‌و پەیوەندیەکانیشە.

زنار: زۆرجاران گلەیی ئەوە لە پەرلەمان دەکرێ، کە لە کارە جەوهەریەکان لای داوەو خۆی بە کۆمەڵێك کارو یاسای لاوەکیەوە سەرقاڵ کردووە، یان رۆدەچێتە ناو ئازادیە شەخسیەکان بۆ نموونە فرەژنی قەدەغەدەکات، بێ ئەوەی بەدیلی بۆ قەیرە کچان‌و بێوەژنان هەبێ.

ئارام رەسوڵ: ئەگەر تەماشای وڵاتانی پێشکەوتووی وەك ئەوروپا بکەین، لەوانەیە لە دەورەیەکی پەرلەمانیدا، پەرلەمان دانیشتنێکی کەم ئەنجام بداتو لەوانەشە لە چەند مانگێکدا یاسەیەك دەربکات. کەواتە لە خولێکی چوار ساڵی پەرلەمانیدا، ئەو یاسایانەی کە پەرلەمان دەریکردوون یا هەمواری کردوونەتەوە، زۆر کەم‌و سنووردارن.

بەڵام پەرلەمانی کوردستان، لە دەورەیەکی پەرلەمانیدا زیاتر لە ( ٣٠-٤٠)دانیشتن دەکات، لەهەر دەورەیەك چەندین یاسا دەردەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پێویستی هەیە بۆ دەرچوونی ئەو یاسایانەو فەراغ هەیە لە نەبوونی ئەو یاسایانە. جەنابت ئاماژەت بە فرەژنی دا، ئەمە دیاردەیەکەو پێویستە قسەی لەسەر بکەین، چوونکە یەکێك لە ئامانجەکانی ئێمە دامەزراندنی کۆمەلگایەکی مەدەنی پێشکەوتووە، کە مافی تاك‌و ئافرەتان بەتایبەت، تێیدا پارێزراوو دەستەبەر بێت. لێرە پرسیارێك سەر هەڵدەدات، ئایا فرەژنی کە تا ئێستا بووە تاچەند کێشەی قەیرە کچ‌و بێوەژنی کردووە؟ چەند دەرسەدی ئەو پیاوانەی کە ژنی دووەم‌و سێهەم‌و...دێننەوە، بیربکەنەوە لەوەی خێزانی شەهیدێك، بێوەژنێك، یان قەیرە کچێك بهێنێت؟ هەتا ئێستاش کە فرەژنی هەبووە رێژەیکی بەرچاومان لە قەیرە کچ‌و بێوەژن هەیە، ئایا بۆچی فرەژنی نەیتوانیوە چارەسەری ئەو کێشەیە بکات؟، چونکە

بەشێکی زۆر ئەوانەی کە لە ژنێك زیاتر دەهێنن، بە تەمەن زۆر لەخۆیان بچوکترە، رەنگە لەرێگەی ئیمتیازاتی ماددیەوە ئەو پرۆسەیە سەربگرێت، کەواتە ئەو کەسانەی کەمن، بچن قەیرەکچێك یا بێوەژنێك بهێنن بۆ ئەوەی منداڵەکانی بۆ بەخێو بکەن، لەپاڵ پرۆسەی هاوسەرگیری کارێکی مرۆڤدۆستانەش بکەن، بەراستی ئەوکەسانە دەگمەنن. بۆیە من پێموایە ئەم یاسایەش گرنگەو ئەرکی پەرلەمانیشە کە لەرێگەی یاساوە میسداقیەتو کەسایەتی راستەقینە بگەڕێنێتەوە بۆ ئافرەتو بەشداری جددیان هەبێت لە دەسەڵاتو گۆڕانی کۆمەڵگاو سەربەخۆیی کەسێتیو ئابووری خۆیان هەبێت.

زنار: لەکاتی تاوتوێکردنی یاسای وەزارەتەکان، یان هەر یاسایەکی دیکە، واهەست دەکرێ کە پەرلەمان سیاسەتی تێپەڕاندنی هەیە، ئەمەش وا دەخوێندرێتەوە کە لەلایەن مەکتەبی سیاسی هەردوو حزبەکەوە ئاراستەکرابن، کە یاسایەکە بەو ئاقارەدا بەرن.

ئارام رەسوڵ: من نازانم ئەگەر لە دەرەوەی پەرلەمان خوێندنەوەیەکی وا هەبێت، ئێمە فیدراسۆنێکی پەرلەمانین، وەکو فیدراسیۆن هەندێ بەرنامەو ستراتیژمان هەیە، کە بێگومان ئەو بەرنامەو ستراتیژە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرنامەی کە ئەو حزبەی ئێمە ئەندامی پەرلەمانین لەسەر لیستی ئەو دایناوە جێبەجێ بکرێت، بەڵام مەکتەبی سیاسی بە پەرلەمانتارەکان ناڵێت: تۆ ئەو یاسایانە ئاوا تێپەڕێنە ! ئەرکی ئێمەی پەرلەمانتاران، خزمەتکردنی ئەو میللەتەو ئەرکی حزبیشمان بەجێ دەگەیەنین. بەش بەحاڵی خۆم، من ئێستاکە هیچ تەوجیهێکم بۆ نەهاتووە کە یاسایەك بەو شێوەیە تێپەڕێنم.

زنار: تا ئێستا نەماندیوە لە پەرلەماندا یاسایەك رەت بکرێتەوە، ئیدی رای جیاواز لەچی دایە.

ئارام رەسوڵ: سەبارەت بە رەتکردنەوەی یاسا، کاتێ کە پەرەمان متمانەی بە حکومەتدا، پەرلەمان دەبێ چاودێری کاروباری وەزارەتو دامودەزاگاکانی حکومەت بکات، لەگەڵ بڕیاردان لەسەر بودجەی حکومەت. ئەگەر وەزارەتێك پرۆژەیەك بنێرێتو لەرێگەی ئەو پرۆژەیەوە خزمەتی زیاتر بە هاوڵاتیان بکات، ئایا تۆ رەتی دەکەیتەوە؟ نەخێر! بەڵکو پرۆژەکە وەردەگرێتو دیراسەی میکانیزمەکانی دەکەیت، لە پەرلەماندا دەوڵەمەندتری دەکەیت.

زنار: لەکاتی تاوتوێکردنی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسان، ئەو گلەییە لە فیدراسیۆنی زەرد کرا کە لەگەڵ بەرتەسککردنەوەی ئازادی رۆژنامەگەریدایە، زۆرینەیان دەنگیان بۆ ئەو یاسایەدا.

ئارام رەسوڵ: ئەگەر تەماشای موناقەشەکانی پەرەلەمان بکەیت، سەبارەت بە تاوتوێکردنی یاسای رۆژنامەوانی، ئەو ئەندامانەی کە موناقەشەیان دەکرد هەموویان سەر بە لیستی زەرد نەبوون، بەڵکو لیستی سەوزو لیستەکانی دیکەش بەشداری موناقەشەکانیان دەکرد، ئەگەر تەماشای دەنگەکانیش بکەین، ئەو واقعیەتەمان بۆ دەردەخات، کە یاساکە بە زۆرینەی دەنگی سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەرچووە. نەك فیدراسیۆنی سەوز یاساکەی رەفزکردبێتەوەو فیدراسیۆنی زەرد قبوڵی کردبێت، من پێموایە ئەمە دوورە لە واقیع، بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆری ئەندامانی لیستی سەوزیش پێشوازیان لەو پرۆژەیە کرد. ئێستاش کە یاساکە لە سەرۆکایەتی هەرێم رەتکراوەتەوەو گەڕاوەتەوە پەرلەمان، دووبارە مناقەشەی دەکرێتەوەو بەڕاوبۆچوونی زیاترو دیراسەی زیاتر یاساکە دەوڵەمەند دەکرێت.

زنار: ئێستا قسە زۆر لە گرێبەستە نەوتیەکان دەکرێ، هەندێ لە یاسا ناسان دەڵێن، ئەوە لە دەسەڵاتی هەرێمەکاندا نییەو گرێبەستەکان نایاساییین، ئایا بەپێی یاسا هەرێمەکان بۆیان هەیە گرێبەستی نەوتی لەگەڵ وڵاتان واژۆبکەن.

ئارام رەسوڵ: بەدیدی من گرێبەستە نەوتیەکان دەستوورینو لەچوارچێوەی یاسادانە. ئەوانەی ئەمڕۆ رەخنە لەو هەنگاوەی حکومەتی هەرێم دەگرن، ئەوانیش پابەندبوون بەم دەستوورەو ئەوانیش بەشداربوون لە دارشتنی دەستووری عێراقو بەشداربوون لە دەنگدانو پەسەندکردنی دەستوورەکە. بۆیە بەبڕوای من لەجێگەی خۆیدایە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشداربێتو بۆخۆی ئەو رۆڵە ببینێت بۆ ئەنجامدانی گرێبەستی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیاکان.

ئێمە نابێ ئەوەمان لەبیربچێ کە مێژوویەکمان بینیوە کە سەروەتو سامانی عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەژێر دەسەڵاتی مەرکەزدابووەو زۆرینەی ئەو سامانەش کراوە بە ئاگرو ئاسن بەسەر میللەتی کورددا و کوردستانی پێ خاپوور کراوەو ئێمەی پێ لەناو براوە. بۆ زامنکردنی دوارۆژێکی گەش بۆ ئەو دەسکەوتانەی هەرێمی کوردستان، وەکو هەرێمێکی فیدراڵی، ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئەوەبین، سامانێکی وەکو نەوت، هەموو دەسەڵاتەکەی لەدەست مەرکەزێکی بەهێزدابێتو داهاتەکەشی هەمووی لەوێ بێت. من پێموایە، یەکێك لەو کارە زۆر گرنگەکانی کە پێویستە حکومەتی عێراقیش بەپێی دەستوور مامەڵەی لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بکات، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی مەرکەزییەو بەخشینی دەسەڵاتی زیاترە بە هەرێمەکانی تر.

زنار: پەرلەمان یاسا بۆ وەزارەتو زۆر مەسەلەی دیکە دەردەکات، بەڵام هێشتا هەرێمی کوردستان دەستووری نییە، دەستووری هەرێمی کوردستان بۆ دواخرا.

ئارام رەسوڵ: دەستوور تەنیا بۆ پەرلەمان نییە، بەڵکو دەستوور دایکی هەموو یاساکانە، دەستووری هەرێمیش پرۆژەیەکە زیاتر لە دووساڵە کاری لەسەر کراوە، ئەو پرۆژەیە لە رێگای میدیاکانەوە بڵاوکرایەوەو زیاتر لە(١٠)دەهەزار راو سەرنجو رای جیاواز هاتووە بۆ لیژنەی دەستوری، لیژنەکەش بەپێی قۆناغ سەرقاڵی دیراسەکردنی ئەو بۆچوونو پێشنیارانەن کە لەلایەن خەڵكو ناوەندو رێکخراوو حزبەکانەوە هاتوون بۆ لیژنەکە. ئێمە دەمانەوێ خەڵکی بەشداری پێبکەین لە دەرکردنی ئەو دەستوورەو مافی هەموو تاکەکانی تێدا دەستەبەر کرابێ، تەنانەت گەر دەستوورەکەش دواکەوتبێت، پێمان خۆشە لەکاتی دەرچوونی دەستوورەکە ئەو دەستوورەبێت کە هەرێمی کوردستان پێویستێتیو خەڵکی هەرێمی کوردستان بەهی خۆیانی بزانێت.

زنار: یەکێک لە مەرجەکانی ئەندام بوون لە پەرلەمان تەمەنە کە نابێت لە (٣٠)ساڵ کەمتربێت، زۆربەی گەنجانو رێکخراوەکانیش گلەییان هەیەو داوادەکەن کەمبکرێتەوە بۆ(٢٥)ساڵ تا رێژەیەکی زۆرتری گەنجان بەشداربن لە پرۆسەی سیاسیو بڕیارداندا، ئایا پرۆژەی لەو جۆرە لە پەرلەمان هەیە.

ئارام رەسوڵ: یەکێك لە داواکاریەکانی گەنجانی کوردستان ئەوەیە کە بەشداربێت لە دەسەلاّت، لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیو حکومەت. بەڵێ، ئێستا پرۆژەیەك لەبەردەستدایە کە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەندێ گۆڕانی بەسەردابێت بۆ ئەوەی سیستەمی پەرەلەمانی کاراتر بکرێتو دەرفەتی زیاتری هەبێ بۆ کارکردن. لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەیەك هەیە بۆ کەمکردنەوەی تەمەنی مەرجی ئەندام بوون لە پەرلەمان لە(٣٠) سالەوە بۆ (٢٥) ساڵ، ئەمەش پشتگیری باشی لێدەکرێتو پێشموایە یەکێك لە گۆڕانەکان دەبێت کە لەگەڵ هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان جێگیردەبێت.

زنار: ئێمە لە پەرلەماندا لیژنەی ئابووریمان هەیە، خەڵکیش بەگشتی گلەیی لە گرانی بازاڕ دەکات، ناوی بازاڕی ئازادەو کۆمەڵێك بازرگانو بەرپرس بازاڕیان قۆرخ کردووە، بۆچی لیژنەی ئابووریو پەرلەمانی کوردستان چاوێك بەم بازاڕەدا ناخشێننەوە.



ئارام رەسوڵ: ئەمڕۆ لە کوردستان بازاڕی ئازاد هەیە، منیش لەگەڵ ئەوەدام کە لەلایەن هەندێ بازرگانەوە ئیستغلال دەکرێتو لە بازاڕێکی ئازادەوە بۆ بازاڕێکیان بردووە، کە نەك هەر ئازاد نییە، بەڵکو ئیستغلالی ئەو دروشمەشیان کردووە لەپێناو خۆ دەوڵەمەند کردنو زیان گەیاندن بە خەڵکی کوردستان. نەك هەر لیژنەی ئابووری لیژنەی تریش بەدواداچوونیان کردووە لەسەر ئەم بابەتە. زۆرجار لەگەڵ وەزیرە پەیوەندیدارەکانو ژووری بازرگانیو پارێزگارو شوێنەکانی تریش دانیشتنیان کردووە. تەنانەت چوونەتە بازارو راپۆرتی جۆراوجۆر بەرزکراوەتەوەو باسیشی لێوەکراوە بەڵام چارەسەر چییە؟ تەنیا باسکردنی چارەسەری کێشەو گرفتەکە ناکات. من پێموایە فەراغێکی گەورەمان لە کوردستاندا هەیە، ئەویش نەبوونی چەند یاسایەکە، کە پەیوەندی نێوان بازرگان بەکارەوە رێکدەخات. بازاڕی ئازاد بەمانای ئەوە نییە کە هەموو ئازادیەکی تەواو بە بازرگان ببەخشیت، ئەویش بۆ ئەوەی کە ماددەیەکی بەسەرچوو یان خراپ لە دەرەوە بێنێت بۆ ناو کوردستانو بە نرخێکی گرانتر بە خەڵکی بفرۆشێتەوە. کەواتە ئێمە پێویستیمان بەچەند یاسایەك هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە.

یەکەم/ یاسای پاراستنی مافی بەکاربەر، کە ئەو سنووره دابنێت بۆ بارزگانان، کە ئیستغلالی هاوڵاتیان نەکات، دەبێ ئەو دەرفەتەش بداتە هاوڵاتیان کە ئەگەر کاڵایەکی بەسەرچووی پێفرۆشرا، مافی ئەوەی هەبێت لە رێگەی یاساوە داوا لەسەر ئەو لایەنە تۆمار بکاتو قەرەبووی بکرێتەوە، کاتێ چەند هاوڵاتیەك قەرەبوو بکرێنەوەو هاوکات چەند بارزگانێك ئیجرائاتیان لەگەڵدا بکرێت، لەسەر فرۆشتنو هاوردنی کاڵای خراپو بەسەرچوو، ئۆتۆماتیکی کاریگەری دەبێ لەسەر کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە.

دووەم/ نەهێشتنی ئیحتیکاری بازار. یەکێك لە بنەماکانی بازاڕی ئازاد ئەوەیە کە دەرگاو دەرفەت کراوەبێ بۆهەر کەسێك گەر بیەوێ بازرگانی بکات، یان وەبەرهێنان بکات لەهەربوارێکدا، بەڵام لەرێگای پابەندبوون بە کۆمەڵێك پرەنسیپی چاودێری نەوعی بازاڕ، کە ئەو چاودێریە حکومەتو وەزارەتەکانی پەیوەندیدار بیکەن.

یاسای سێهەمیش/ کە زۆر پێویستە لە پەرلەمانی کوردستانەوە هەرچی زووە دەربچێت، بۆ چاککردنی وەزعی بازاڕو کەمکردنەوەی گرانی، ئەویش "یاسای پارێزگاریکردنە لە بەرهەمی خۆماڵی"، تا کەرتێکی ناوخۆی کوردستان دەبوژێنیتەوە، لە پڕێکداو لەرێگەی هێنانی هەمان کاڵا لە دەرەوە، ئەو کەرتە تازە گەشەکردووە لەناو دەبات. بۆیە پێویستە حکومەت لەرێگەی هەندێ یاساوە هەنگاو بنێ بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵیو چاککردنی وەزعی بازاڕ. ئەویش لەرێگەی دانانی باجی زۆر لەسەر کاڵای هاوردەو ئاسانکاری بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی خۆماڵیو کەرتی کشتوکاڵی. بۆئەوەی تەنیا چاومان لەدەستی وڵاتانی دەرەوە نەبێتو هێواش هێواش بەرهەمی خۆماڵی زیندوو بکەینەوەو گەشەی پێ بدەین.

زنار: پرسیارێکی شەخسی پەیوەندی بە جەنابتەوە ئەوەیە، دوای گەڕانەوەت لە ئەوروپاوە پاش ماوەیەك بوویتە جێگری بەرپرسی لقی ١١ی(پ.د.ك)و دواتریش بویتە پەرلەمانتاری کوردستان لەسەر لیستی زەرد، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا، ئەم پۆستو بەرپرسیاریەتەی کە پارتی بەتۆی بەخشیوە لەسەر تواناو شارەزایی خۆتە، یان وەکو رێزلێنانێکە لەباوکت(رەسوڵ مامەند)ی شەهید کە سەرکردەیەکی ناسراوبوو.

ئارام رەسوڵ: سوپاست دەکەم بۆ ئەو پرسیارە، من شانازی بە خەباتو تێکۆشانی باوکمو بنەماڵەکەمانەوە دەکەم. هاتنەوەی منیش لە ئەوروپاوە بۆ کوردستان، ئارەزوویەکی خۆم بوو کە بێمەوە لەناو میللەتەکەمدا بژیم. ئەو بەرپرسیاریەتیەش کەپێم سپێردراوە وەکو ئەرکێك تەماشای دەکەم کە ئەوەی لە توانامدا هەیە خزمەتی میللەتەکەمی پێ بکەم، هەر رۆژگارێ کە من پێموابوو بارگرانیم بەسەر میللەتەکەمەوەو لەهەر پۆستێکدا بم ناتوانم خزمەتی میلەتەکەم بکەم، پێویستە ئەو جێگایە بەجێبهێڵم بۆ کەسێکی تر کە لە من شایستەتربێتو بتوانێ خزمەتی میللەت بکات. ئەو پۆستەی بە من دراوە بۆ ئەوەی توانای خۆم بسەلمێنمو خزمەتی میللەتەکەم بکەم بەتەنیا. مەسەلە ئەوەنییە کە من کوڕی رەسوڵ مامەندم، بەڵکو نیەتو ئامانجێکیش لەلای منەوە هەیە کە بتوانم خزمەتی میللەتەکەم بکەم. ئەو ماوەیەش کە لە بەریتانیا ژیاوم، ئەوەی فێرکردم کەخۆم نەکەمە بارگرانی بەسەر کەسەوە.

زنار: بە حوکمی ئەوەی کە لە ئەوروپا گەڕاویتەوەو ئەزموونی ئەوێت هەیە، دەبوایە کەسانی وەکو تۆ لەناو پەرلەمانو حکومەتدا جێگەی کارایان هەبوایە، کەچی دەبینین زۆر جار جەنابت لە تاوتوێکردنی پرۆژە یاساکان بێدەنگی.

ئارام رەسوڵ: مەسەلە تەنیا ئەوە نییە تۆ لە ئەوروپا بژیتو بێیت ئەزموونی ئەوروپا داخلی پرۆژەو بڕیارەکانی ئێرە بکەیت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەناو واقعێکی سیاسیو بارودۆخێکی تردا دەژێین جیاوازە لەوەی کە لە ئەوروپا هەیە. بەڵام بە پێچەوانەی پرسیارەکەی جەنابتانەوە، هەندێکجار گلەیی ئەوەم لێدەکەنو دەڵێن: تۆ لەهەموو پرۆژە یاساکاندا قسە دەکەیت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ ئیزافەیەکی نەبێت تا خزمەتی میللەت بکات لە باشکردنی پرۆژە یاساکە، بەبڕوای من قسەکردن گرنگ نییە. بەپێچەوانەشەوە زۆرجاران لە موناقەشەکانی پەرلەماندا، باسم لەوەکردووە کە نموونەی وڵاتانی ئەوروپای پێشکەوتوو بەم شێوەیەیە، بەڵام مەرج نییە هەموو نموونەیەکیش کە لە وڵاتانی ئەوروپی کار پێکراوە هەمان پرۆژە یاساو بڕگە لێرە جێبەجێ بکەین، ئێمە ناتوانین راستەوخۆ لە کۆمەڵگەی کوردستان، وڵاتانی ئەوروپا کە چەندین ساڵە کیانی سیاسیو بێ هەرەشەو مەترسینو پێشەکوتوو سەقامگیرن بەراوردی ئێرەی پێبکەینن چوونکە ئێمە دەیان کێشەو هەرەشەمان لەسەرە، خۆ ئەمە کۆمپیوتەر نییە کۆپی پەیستی بکەین. بەپێچەوانەوە، دەبێ تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەو نەتەوەکەمان لەبەر چاو بگرین، ئەوسا باشترین نموونەکان لێرە جێگیردەبن.

# گۆشە تاریك و ڕووناكەكان

## سێ بەسەرهاتی نزیك



یاسین قادر بەرزنجی

تایبەت بە زنار دەینووسێت

***خەونی هاوبەش**

دوای چاککردنی چاوی زۆپاکەیان کە نەوتی پیسی ئەم ساڵ دووکەڵاویی کردووەو ئاو لەچاو دێنێ، بەنەرمیی بانگی لە خانمەکەی کردوو لەخەوی هەڵسان، دوای هەواڵپرسینی نەخۆشیەکەی لەسەرخۆ پێیگوت:

ئازیزم، لەماڵی باوکت بپرسەو بزانە ئاخۆ ساغو سەلامەتن..

بۆچی، هیچ بووە؟

نا.. خوا بەخێری بگێڕێ خەون پێوەدین....

هەرکە خەونەکەی گێڕایەوە، ژنە بەدیاریەوە راما.. دەمووست گوتی:

چەندە دڵمان لەیەکەوە نزیکە.. بەو چاوانەت منیش هەر خەونێکی وام بینی..

پیاوەکە نازی زیاتری کێشاو پێی گوت:

رۆحەکەم، لە خەونو بێداریشدا منو تۆ هەروەکو یەکین.

* * * * * * * * *

*** ماڵێ لە شووشە.!**

لە رووی خۆیدا دەیگوت ( لە براکانم فەرزتری .. ئەوەی تۆ لەگەڵ مندا کردووتە مەگەر هەر خوا خۆی بتوانێ پاداشتت بداتەوە)..

جاری وایش هەبوو دەیگووت: ( تۆ نەبوویتایە لە کەسوکار دەبووم.. ئابڕووم دەچوو.. لەخوێندن فەسڵ دەکرام .. فریشتە بوویت بۆ ژیانی من)

رۆژگار ئەوی دوورخستەوەو کەسێکی دیکە بووە بەرپرسی، بەسەدو هەشتا پلە وەرچەرخا، نەیزانی دارودیواریش گوێی هەیە، بێ هەیبەتانە کەوتنە لێخوێندن لە یەکەمیانو بەرژەوەند خوازانە کەوتە ستایشی دووەمیان..

پێیانگووت:( گوێی مەدەرێ نەخۆشە.. نەك تۆ، باسی ئایینو فیکرو بەهاکانو نزیکترین کەسی خۆیشی دەکات.. خوا هەر خۆی دەزانێ پێستیی رووی لە چ جۆرە چەرمێکە..)، ئەمیش گوتی(ماڵەکەی لە شووشەیە، بمەوێت نەك بەبەرد، بەڵکو بە دەنکە زیخێ هاڕەی پێدێنم!).

* * * * * * * * *

***دیالۆگ**

دوو هاوڕێ، لە یەکتر دادەبڕان پەرۆش دەبوون، پێکەوەش دەبوون دەبووە مشتومڕیان..

یەکەم دەیگووت: (تۆ هەمیشە رەشبینیت)

دووەمیش دەیگووت: تۆ لە خەونیشدا (گەشبینیت)..

گەشبین سەرە داوی باسێکی کەوتە چنگ، بە روویەکی بێگەردەوە گووتی:

- جوانترین زەردەخەنە هی منداڵە..

رەنگو بۆنی گوڵیش نادەمە گەوهەری هەموو دنیا..

نازانم کچە جوانەکان لە دیوانەکەی مامۆستا گۆران دەچن یان دیوانەکەی ئەو رەنگی ئەوانی گرتووە..

حەزدەکەم لەدەستمدابێ و یاریدەی هەر کەسێ بدەم پێویستی پێمبێ..

⋆ رەشبینیش دەیگووت:

- بە دەنگی پێکەنین وەختە لە پێستی خۆم بێمە دەرەوە!
- کە کتێبێ دەگرم بە دەستمەوە سەرم دێشێ!
- گۆرانیەکانی ئەمڕۆ یەك فلسی قەڵب ناهێنن!
- حەز دەکەم لەماڵ نەیەمەدەرێ (هەرچی دەبینم رقمان لێیان دەبێ)..

یەکەمیان بە قاقایەك وەڵامی هاوڕێ نەیارەکەی خۆی دەدایەوە..

# ژن پەراسوە یان سەرچاوەی ژیانە؟!

**سەروەر عەبدولڕەحمان پێنجوێنی**

لەو چەمكە ئاینیانەی لە بیری ئایینیی ئیسلامیدا ئامادەییان هەیە، ئەوەیە كە حەووا (ژن) لە پەراسوی ئادەم (پیاو) دروست كراوە.. ئەو دەقە ئیسلامیەی كە گوزارش لەم چەمكە دەكات بۆن‌و بەرامی كولتوری باوكسالاریی پێوەیەو تێڕوانینێكی نێگەتیف بۆ ژن دەخاتە ڕو، ئەویش فەرمودەیەكە (لە گێڕانەوەی بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە) كە دەڵێت (ژن وەكو پەراسو وایە ﴿یان لە پەراسویەك /ی خوار/ دروست كراوە﴾، ئەگەر بتەوێت ڕاستی بكەیتەوە دەیشكێنیت، ئەگەر وازیشی لێ بهێنێت هەروا خوارە بەڵام سودی خۆتی لێ دەبینیت)! وەكو ئاشكرایە بەرهەمهێنەر/ وەرگری ئەم گوتارە ئاینیە پیاوە، و وەكو كەلوپەلێك بۆ ژن دەڕوانێت كە عەیبێكی هەیە بەڵام عەیبەكەی سروشتیەو هەر وایەو هەر بەو عەیبەوە سودی لێ دەبینرێت. بەم شێوەیە دەقەكە ناتەواوییەك یان ناڕێكییەكی سروشتی دەداتە پاڵ ژن كە گوایە هەر لە بنەڕەتی خولقاندنیدا هەیە. جگە لەمەش لە بیری ئایینیی ئیسلامیدا بە گشتی ئەو بیروباوەڕە هەیە كە حەووا لە پەراسویەكی ئادەم خولقێنراوە، و ئەم بیرۆكەیەش دەكرێتە لێكدانەوەی دەقی قورئانیی (و خلق منها زوجها) (*النساء*: ١). ئەم بیرۆكە ئیسلامیە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ دەقە یەهودیەكان، بە تایبەتی كتێبی (*خولقاندن*) كە دەڵێت خواوەند پەراسویەكی ئادەمی دەرهێناو حەووای لێ دروست كرد (*خولقاندن*: ٢: ٢١، ٢٢). ئێمە لێرەدا بە پشتبەستن بە توێژینەوەكانی (كریمەر)و كەسانی تر ڕەخنەسازیی ئەم چەمكە یەهودی□ ئیسلامیە دەخەینەڕو□.

وەكو لای پسپۆڕان ئاشكرایە بیری ئایینیی تەوراتی سودی لە كەلەپوری ئایینی عێراقیی دێرین وەرگرتوە، و گەلێك لە چەمكەكانی ڕەگوڕیشەیان لە داستان‌و چیرۆك‌و ئەفسانە عێراقیە كۆنەكاندا هەیە. لەوانە ئەم وێناكردنەی حەووا (ژن)ە وەكو پەراسو. لە ڕاستیدا ئەم چەمكە دەگەڕێتەوە بۆ هونەرێكی واتاسازیی زمانی شومەری![1] ئەمەش درێژەی باسەكەیە□.

لە میتۆلۆجیای شومەریدا چیرۆكێكی ئەفسانەیی هەیە كە ناسراوە بە چیرۆكی (ئێنكی‌و نینخورساگ)..

(ئێنكی Enki) كە خواوەندێكی نێرینەیە خواوەندی زەوی/ئاوی ژێرزەویەو سەرپەرشتیاری ژیان‌و شینایی‌و ژیانی مرۆڤە.(نینخورساگ Ninhursag) یش نمونەیەكی خواوەندی دایكە، ئێنكی‌و نینخورساگ لەم چیرۆكەدا وەكو جوتێك دەردەكەون.

ئەم چیرۆكە نمونەیەكی ڕەسەنی چیرۆكەكانی باوك‌و دایكی مرۆڤایەتیە لە بەهەشتدا، چونكە باس لە قۆناغێك دەكات كە ئێنكی‌و نینخورساگ لە بەهەشتێكدا بون كە لای شومەریەكان پێی وتراوە (ئێدین Eden (ادن) ﴿ئێدینو edinu لای ئەككادیەكان﴾ (دەقاودەق واتە: دەشت) (كە لە تەوراتدا بوەتە عێدێن עֵדֶן، و لە قورئاندا بوەتە عەدەن «عَدن»)، كە هەر بەپێی ئەو كولتورە كەوتوەتە ناوچەی (دیلمون Dilmun) یاخود تێلمون Telmun) كە بە بڕوای پسپۆڕان ئاماژەیە بۆ (بەحرەین)ی ئێستە، یاخود (ئەهواز)، دیارە ناوچەی سەر كەنداوی عەرەبی لە سەردەمانی زۆر كۆندا ناوچەیەكی بەپیت‌و شین‌و بەهەشتئاسا بوەو ئەو كۆمەڵە مرۆڤەی كە دواتر بە هۆی بیابانیبونی ناوچەكەوە بەجێیان هێشتوە یادەوەریەكانیان گواستوەتەوە بۆ كولتوری عێراقی/شومەری. بە هەر حاڵ، ئەو بەهەشتە نینخورساگ پەروەردەی دەكرد.

لەو بەهەشتەشدا حەوت ڕوەك هەبون كە خواردنیان قەدەغە بو، بەڵام ئێنكی ئەوانەی خوارد (ئەمە ڕیشەیەكی كۆنی بیرۆكەی ڕوەكی قەدەغەكراوی بەهەشتە)، ئەمەش نینخورساگی توڕە كرد، ئیتر هەر یەكە لەو ڕوەكانە نەخۆشییەكیان توشی ئێنكی كرد، هەر نەخۆشییەكیش توشی ئەندامێكی ببو، یەكێك لەوانەش نەخۆشییەك بو توشی پەراسوی ببو، لە زمانی شومەرییشدا بە پەراسو وتراوە (تی Ti، لە هەمان كاتیشدا هەر لە زمانی شومەریدا وشەكە وەكو فرمان واتای (ژیان) دەدات بەدەستەوە. دوایی نینخورساگ دڵی نەرم بوو بۆ هەر یەكە لەو نەخۆشیانە فریشتەیەك یاخود كەسێتییەكی خوایی خولقاند، یەكێكیش لەمانە كەسێتییەك یان فریشتەیەك بو بە ناوی (نینتی) Ninti.

لە دەقی ئەفسانەكەدا هاتوە وەكو بالۆرەیەك لە نێوان نینخورساگ‌و ئێنكیدا:

*نینخورساگ*: براكەم[2]، كوێت دێشێت؟

*ئێنكی*: پەراسوم دێشێت.

*نینخورساگ*: ژیانم بەخشیوە بە ژنەخواوەند نینتی لەبەر تۆ[3].

بەم شێوەیە خشتەیەك لە ئەندامە نەخۆشەكان‌و ئەو خواوەند یاخود فریشتانەی كە بۆ چارەكردنیان نینخورساگ دروستی كردون دەسازێنین[4]:

| ئەندامی نەخۆش | خواوەندی چارەساز |
|---|---|
| ... | ئابو |
| كلۆت | نینتول |
| ددان | نینسوتو |
| دەم | نینكاسی |
| ... | نازی |
| لاقەبرغە | دازیموا |
| پەراسو | نینتی |
| ... | ئێنشاگاگ |



وێنەی ئەو ڕوتەختەی چیرۆكی شومەریی (ئێنكی‌و نینخورساگ)ی لەسەر تۆمار كراوە



ئێنکی و **نینخورساگ**. نەخشێکی شومەری



ئێنکی، خواوەندی ژیان و شینایی و دانست

سەبارەت بە ناوی (نینتی)، بەشی یەکەمی ئەم ناوە (نین) Nin (یاخود نێن Nen) شێوەی مێیانەی (ئێن) En ـەن کەواتە بە واتای خواوەند /یان گەورە/ی مێیە، بەشی دوەمیش (تی) وەکو ناو بە واتای پەراسوە، وەکو فرمانیش بە واتای ژیان یان هێنانەژیانە، بەم شێوەیە ئەو ناوە بە واتای (ئەو خواوەند /یان ئەو خانم/ ـەی دەهێنێتە ژیان) دێت، لە هەمان کاتیشدا واتای (ئەو خواوەند /یان ئەو خانم/ ـەی کە پەراسوە) دەدات بەدەستەوە، بە سەرجەمیش رەنگە واتایەکی لێکدراو بدات بە دەستەوە بەو پێیە کە ئەم خواوەندە یان ئەم فریشتەیە سەرچاوەی ژیانیشەو پەراسوو نەخۆشیەکانی پەراسویشی بەدەستە، یان ژیان دەگێڕێتەوە بۆ پەراسو. ئەمەش هونەرێکی واتاسازی و جوانکاری زمانی شومەریە.

ئینجا دواتر کە ئەم چیرۆکە شومەریە بوەتە یەکێک لە سەرچاوەکانی چیرۆکە تەوڕاتیەکەی (ئادەم)و (حەووا) کەسێتیی (نینتی) بوە یەکێک لە سەرچاوەکانی کەسێتیی (حەووا)ی دەقە عیبریەکە. وشەی (حەووا) חַוָּה ی عیبری لە خۆیدا لە ریشەی ژیان (حایا) (حیاه ی عەرەبی)ەوە هاتوەو بە واتای (زیندو) یان (ژیان) یان (سەرچاوەی ژیان)ـە. لێرەوە وشەی حەووا لەلایەنێکیەوە وەکو وەرگێڕانێکی ناوە شومەریەکەی (نینتی) وایە. لێرەدا دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە کەسێتیی حەووایش وەکو کەسێتیی نینتی کەسێتییەکی خواوەندی بوە، چونکە پسپۆڕان دەڵێن کەسێتیی حەووا لە بنەڕەتدا شێوەیەکی خواوەندی مێی (عەشیرە) Asherah یە و ناوی تەواوی بریتی بوە لە (رەبات حەوات ئیلات) Rabat Chawat Elat واتە خواوەندی مێی گەورەی ژیان یان ژنەخواوەند حەووای گەورە. ئەمە جگە لەوەی زانراوە کە (حەوات) ناوێکی دیکەی خواوەند (عەشیرە)یە. ئینجا هەمو کاتێکیش خواوەندی مێ یاخود خواوەندی دایک بە سەرچاوەی ژیان ناوبراوە، چونکە خۆی لە خۆیدا هێمای هێزی ژیانی سەرزەویە. لێرەوە ئەوەشمان بۆ رون دەبێتەوە کە وشەی حەووا بەتەنها ناگەڕێتەوە بۆ ناوە شومەریەکە بەڵکو ریشەی تایبەتی لە کولتوری سوریایی کۆندا هەبووە. لەلایەکی تریشەوە واتای (پەراسو) کە هەمان ناوە شومەریەکە هەڵی گرتوە لە دەقە عیبریەکەدا رۆڵی گێڕاوەو ئەو جۆرە وێناکردنەی هێناوەتە کایە کە حەووا بە وتایەك لە واتاکان پەراسوە، ئەمەش ئەو چەمکەی لێ دروست بوە کە کاتێك خولقێنراوە لە شێوەی پەراسودا یان لە پەراسوو خولقێنراوە، یان کە لە بەشێکی ئادەم وەرگیراوە (ئەمەش لە کرۆکدا واتە حەووا یان ژن هەر لە جۆری ئادەم یاخود پیاوەو وەکو ئەو وایە) بە شێوەی پەراسویەك وەرگیراوە یان لە پەراسوی ئادەم وەرگیراوە. لێرەوە ئەو چیرۆکە تەوڕاتیە دروست بو کە خواوەند پەراسویەکی ئادەمی هێناوەو حەووای لێ دروست کردوە. هەرچەند لێرەدا مشتومڕێك هەیە لەسەر ئەوەی مەبەستی دەقە عیبریەکە (ئەحەت میصلعۆتایو) (אַחַת מִצַּלְעֹתָיו)



نینخورساگ و باخەکەی



نینخورساگ

پەراسویەتی یان لاتەنیشتیەتی، بەڵام دەستەواژە عیبریەکە لەخۆیدا دەڵێت (یەکێك لە..) (أحد مِن..)، کەواتە مەبەست یەکێك لە پەراسوەکانیەتی.

شایەنی باسە ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار ریشەی بیرۆکە تەوراتیەکەی لە ئەفسانە شومەریەکەدا دۆزیەوەو ئەنجامەکەی بڵاوکردەوە، زانای ئەمێریکایی پسپۆڕی لێکۆڵینەوە شومەریو بزماریەکان (سامویل نوٚح کرەیمەر Samuel Noah Kramer) بو.

دوریش نیە هەر لە قۆناغە درەنگەکانی کولتوری عێراقیی دێریندا (وەکو کولتوری کەلدانی) ئەم چەمکە یان شێوەی بەرایی ئەم چەمکە دروست بوبێتو ئینجا گواسترابێتەوە بۆ دەقە عیبریەکە، چونکە ئەستەمە دەقە عیبریەکە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ داستانو چیرۆکە شومەریەکاندا بکات. ئینجا دواتر چیرۆکە تەوراتیەکە بوەتە بەشێك لە بیروباوەڕی ئیسلامی، هەرچەند چیرۆکەکە لە قورئاندا نەهاتوە (تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەڵێت حەووا لە /واتە لە بەشێکی/ ئادەم دروست کراوە، کاتێك دەڵێت: و خلق منها زوجها)، بەڵام دواتر فەرمودەو گێڕانەوەکان بە راشکاوی چیرۆکەکە دەگێڕنەوە.

پەراوێز:

(١) لە دوانو نوسینی کوردیدا دەوترێت (سۆمەر)و (سۆمەری)، بەڵام ئەم شێوازی وتنە هەڵەیە، ئەو وشەیەی کە جیهانیەو بەکاردەهێنرێت بریتیە لە (سومەر) Sumer، بەڵام وشەکە بە راستیو لە بنەڕەتدا (بە ئەککادی) بریتیە لە (شومەر). بەم شێوەیە زۆر ناو و زاراوەی باو هەن کە لە بنەڕەتدا جۆرێکی ترن. نمونەیەکی تر ناوی (سارگۆن) Sargon ـە کە بە عەرەبی بە شێوەی (صارغون) و (سَرجون) دەوترێت، بەڵام وشەکە لە بنەڕەتدا بریتیە لە (شارڕوکین).

(٢) دەستەواژەی (برا) و (خوشك) لە ئەدەبیاتی کۆندا هەندێك جار لە نێوان ژن و مێرددا بەکارهاتوە بۆ دەربڕینی خۆشەویستی. ئەم دیاردەیە لە ئەدەبیاتی عێراقیی کۆن و میسریی کۆنیشدا دەبینرێتەوە.

(٣) بۆ ئەم دەقە بڕوانە:

**Kramer**, Samuel Noah, *Sumerian Mythology, A Study of Spiritual and Literary Achievement in the Third Millennium B.C. University of Pennsylvania Press, Philadelphia, Revised Edition, 1961. Chap. II: Myths of Origins, p. 58.*

(4) *Ibid.*

# ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

لە ژمارە ٦ی گۆڤاری زنار لە ئایاری ٢٠٠٧ لاپەڕە٤٠، بەناونیشانی (دارەشمانە زێدی فەقێ ئەحمەد باپیرە گەورەی بابانەکان)، ئامادەکردنی کاك مەحمود عومەر باوزی: لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کاك جەلال ئەحمەد دارەشمانە، هەندێ تێبینیم لەلا گەڵاڵە بوو وەك مافی بەرگریکردنو عورفی رۆژنامەگەری ئەم روونکردنەوەیەم هەبێت لەگەڵ ڕێزم بۆ گۆڤاری زناری ئازیز.

سەرەتا لەوە دڵنیانیم کە ئایا ئامادەکاری بابەتەکە دیداری لەگەڵ بەڕێزان کاك جەلالو کاك جەمال کردووە؟ یان ناوەکە هەر یەك کەسەو هەڵەی چاپ کردوویەتی بەدووکەس؟.

روونکردنەوەکەشم وەکو شارەزایەك لەبواری مێژوو هەروەها وەکو رۆژنامەنووسێكو نووسەری کتێبی (هۆزی گەردی لە کوردستان جیهاندا):-

١ سەبارەت بە پێشەکیەکەی ئامادەکاری بابەتەکە کاك مەحموود عومەر تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەك یا لە زمانی هیچ مێژوونوسێك یان..... نەمدیتووەو نەمبیستووە کە فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە بگەڕێتە بۆ کۆتایی سەدەی یازدە!!!.....؟؟؟.

٢ سەبارەت بەناوی من ناوم ( حەمید گەردی)یە نەك (حەمدی گەردی)، ئینجا نازانم مەبەستت منە یان برایەکی نووسەری دیکەیە بەناوی حەمدی گەردی، کە تا ئێستا نەمبیستووە نووسەر بەو ناوە هەبێتو......، بەڵام لە ئاخافتنەکانتدا وا دەردەکەوێ کە مەبەستت من بێت.

٣ کاکە جەمال، دیارە کتێبەکەت بەجوانیو بە وردی نەخوێندۆتەوە، ئەگینا ئەو تۆمەتەت قەتیس نەدەکرد، چونکە لە هیچ شوێنێکی پەرتووکەکەم بەناوی (هۆزی گەردی لە کوردستانو جیهاندا)لەسەر زاری من نەگوتراوە، بابانەکان لقێکن لە هۆزی گەردی، بەڵکو ئەوەی لە ناوەڕۆکی پەرتوکەکەدا هاتووە گشتی بەڵگەیەو لەسەر زارو نووسینی مێژوو نووسانو خەڵكو گەڕیدەو مێژووناسو ئەو سەرجەلانەی لەچاپ دراوەو.....بووە، ئەگەر زەحمەتێکی دیکە بکێشیو کەمێك لە خوێندنەوەی کتێبەکە وردبێتەوە چاك بۆت دەردەکەوێو........ .

کاك جەمال دیسان! دەڵێ " مامۆستا جەمال بابانیش بە هەڵە تەئیدی کردووە!!"، کاك جەمال ئەوەی دەیڵێ !: مامۆستا جەمال بابان لەهیچ کاتێكو شوێنێك نەینووسیوە(تەئیدی نەکردووە)، بەڵکو بەڕێزیان تەنها ئاماژەی بە خزمایەتی بابانەکانو گەردییەکان کردووە، کە ئەوەش واقعیەتێکە کەس ناتوانێ بیشارێتەوەو........، ئەوەی دەیڵێ لەناو کتێبەکەدا نەهاتووە، بەڵکو خەیاڵێکە بۆت هاتووەو...... .

٤ کاك جەمال دەڵێ: بابانەکان لقو پۆپی هیچ کام لەم عەشیرەتو بنەماڵانە نین......، منیش رێگە لەکاك جەمال ناگرم هەرچی دەیڵێ، بەڵام ئەوە هەر کاك جەمالە دەڵێ بابانە رەسەنەکان سەرجەمیان لە عەشیرەتی (نوردەدینی)دانیشتوانی رەسەنی پشدەرن. لێرەدا دەمەوێ لەکاك جەمال بپرسم: ئایا بابانەکانی سلێمانیش دەگەڕێنەوە سەر عەشیرەتی نورەدینی؟ کە( رێزێکی تایبەتیم هەیە بۆ عەشیرەتی نورەدینی).

٥ کاك جەمال دەڵێ: ( زۆر لە تیرەو هۆزو خێڵەکانی کوردستان دەیانەوێت ئەسڵو فەسڵی خۆیان بگەڕێننەوە سەر بنەماڵەی دارەشمانەییەکان...)، ئا لێرەدا پرسیارێکم هەیە بۆ کاك جەمال: ئەی چۆن کاك جەمال ئەسڵو فەسڵی خۆی بردۆتەوە سەر عەشیرەتی نوردەینی؟.

٦ کاك جەمال دەڵێ: لەناوچەی (پشدەر) عەشیرەتی وەها هەیە کە خۆی بە ئامۆزای بابانەکان دەزانێو تا ئێستاش تێکەڵاوی ژنو ژنخوازیو خزمایەتی لەگەڵ بابانەکان ناکەن، دەبوایە کاك جەمال ناوی ئەو عەشیرەتەی دیاری کردبایە، ئەگەر مەبەستی کاك جەمال عەشیرەتی میراودەلییە( چونکە ئەو عەشیرەتە لە پشدەر خۆیان بە ئامۆزای بابانەکان دەزانن)، لێرەدا نموونە زۆرە کە پێچەوانەی رایەکەی کاك جەمالەو بەڵگەن، بۆ نموونە:

أ عەباس ئاغای گەورەی میراودەلی، خێزانەکەی خوشکی عەزیزبەگی سەفرەیە کە(بابانە).

ب عەزمی عەلی بەگ(رانیە) کە بابانە، خیزانەکەی کچی بایزی عەولاغای دۆڵەگۆمیە (کە میراودەلییە)، نموونەی دیکەش زۆرەو .... .

کاك جەمال، ئەگەر کتێبەکەی (هۆزی گەردی لە کوردستانو جیهاندا)ی خوێندوەتەوە، جارێکی دیکەش بیخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێ بابو باپیرانی فەقێ ئەحمەد لەکوێ بووینەو لەکوێ هاتوونەو کەی هاتوونەتە ئەو شوێنەو هۆی هاتنیشیان چی بووەو......، ئینجا هەموو شتێکت بۆ روون دەبێتەوەو........ .

لەکۆتاییدا ئەوە بە گشت خوشكو برایانی خۆم رابگەیەنم کە رەخنەی لەجێ بەلای منەوە شیرینترو خۆشترە لە دەستخۆشی کردن، چونکە رەخنەی لەجێ راستکردنەوەی هەڵەکانی مرۆڤەو....، بەڵام دەستخۆشی، داپۆشینی هەڵەکانی مرۆڤەو ......

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ گۆڤاری زنارو خوێنەرانی

**حەمید گەردی**
**٢٠٠٨/٣/١**



## ئیبراهیم مەلازادە:

# هەموو مەلایەکان کۆببنەوە کێشەکانی یەك سەرپۆش بەسەریان بۆ یەکلایی ناکرێتەوە

**سازدانی هەڵۆ مەرگەیی**

**بەشی دووەمی کۆتایی**

**زنار: تا ئێستاشی لەگەڵدابێ زۆرێک لەو باوەڕەدان (نەهزەی ئیسلامی)یان توراسی ئەو رێکخراوە، سەرچاوەی هەڵکردنی بیری تەکفیری بێت لە کوردستان، ئێوە تێبینیتان چییە لەسەر ئەم تێگەیشتنە.**

ئیبراهیم مەلا زادە: پێموابێ سەرەتایەکان بەم شێوەیە دەستپێناکەن. من وای نابینم کە نەهزە ئەو سەرچاوەیە بووبێ، چونکە نەهزە باڵێك بوو لە باڵەکانی ئیخوان، دوای ئەوەی ئیخوان بوو بە دوو لەتەوەن لەتێکیان توانیان لەخۆیاندا نەهزە. کەرەستەکانی تەکفیرکردن هەموو سات‌و کاتێك ئامادەن، بەڵام تەکفیر پێویستی بە زەمینەی گوونجاو هەیە بۆ ئەوەی تەعبیر لەخۆی بکات‌و بەشداری دروستکردنی کردە کۆمەڵایەتیەکان بێت. لەناو پانتاییە دینیەکاندا دوو تەوژمی سەرەکی بوونیان هەیە. یەکەمیان تەوژمی سەلەفیەکانە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام ئەم تەوژمە دابەش دەبێ بەسەر سێ باڵی سەرەکی:

١جیهادیەکان، ئەوانەی هەموو چارەسەرکان لە لولەی تفەنگدا دەبینن.

٢تەوژمی ئیخوانین کە بڕوایان بە بەکارهێنانی هێز نییە لە دژی دەسەلاتی ولاتە ئیسلامیەکان. بەلام لە ئیسرائیل‌و هەموو ئەو شوێنانەی کە لەدیدی ئەوان لەبن دەستی کافری داگیرکەردابن بۆیان هەیە چەك هەڵبگرن.

٣قوتابخانە سەلەفیە هەمە جۆرەکان، لەوانەش ئەوانەی کە بەهیچ جۆرێك بڕوایان بەکاری رێکخراوەیی نییەو زیاتر پشت بە دەقە بنەڕەتیەکانی دەبەستن. یا ئەوانەش کە زیاتر سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیقهن، یان ئەوانەی زیاتر خۆیان بە پرسە زانستیەکانەوە خەریك دەکەن. چاوەڕێ دەکەن زانست شتێك بڵێت تا ئەوانیش بێن تەفسیرێکی قورئانی بۆ بدۆزنەوە.

تەوژمی دووەمیش تەوژمی ترادسیۆنێلەکانن کە مەلاو شێخەکان لەخۆ دەگرێت‌و خاوەنی دەزگاو پانتایی دیاری خۆیانن. ئەگەرچەی ناتوانین بڵێین فیکری تەکفیری لەناو هەندێکیاندا هەیەو لەناو هەندێکی تریاندا نییە، چونکە زەمینەی هەموو ئەمانە لەبارە بۆ ئەوەی کەم یا زۆرێکیان بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕۆرن. بەلام لەبارترین پانتایی پانتایی سەلەفیەکان‌و جیهادیەکانە کە زیاتر لە دەقەکانەوە نزیکن‌و توندڕەوانە مامەڵە لەگەڵ ئەو دەقانەدا دەکەن. دووبارە دێنەوە سەر ئەو خاڵەی کە ئەو تەکفیرە پێویستی به زەمینەی لەبار هەیە لە پانتاییەکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا بۆ ئەوەی، ئامانجەکانیان بەدەست بێنن. بەڵام هەموو حاڵەتێك یان هەموو پانتاییەکی دینی، لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتدا، پێویستی بە شیکردنەوەیەکی تایبەت هەیە. بۆ ئەوەی لە جەماعەتی تەکفیرو هیجرەی میسری تێبگەین، دەبێ بارودۆخی ئەو چرکەساتەی کە ئەوانی تێدا پەیدابوون بخوێنینەوە. لە کوردستانیش بەهەمان شێوە. رووی مێژوویی هەندێك سەرچاوە باس لە چەند میسریەك دەکەن کە لەسەرەتای هەشتاکاندا هاتوون بۆ کوردستان‌و فیکری تەکفیریان بڵاوکردۆتەوە. یەکێك لەوانە هاتووە بۆ هەولێرو پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ کۆنە ئیخوان گرێ دەدات، یەکێکیش لەو ئیخوانانە (مەلا ئەمین خۆشناو)بووە کە لەدوای راپەڕین، کۆمەڵەی جیهادی دامەزراندو دواییش لە بارودۆخێکی تەمومژاویدا لەگەڵ چەند هاوکارێکی خۆیدا کوژران. لەرووی تیۆریشەوە دەکرێ سەید قوتبی میسری‌و مەودودی پاکستانی‌و خومەینی ئێرانی‌و چەندێکی تر بەو

سەرچاوەیە بژمێردرێن. بەلاّم لە کوردستان چەند پانتاییەکی جیاواز هەبوون لەناو بزووتنەوەدا. ئەو پانتاییانە پەیوەست بوون بە ململانێکانی ناو باڵەکانی بزووتنەوە، کە لە کەسە دیارەکانی ئەو ململانێیەش مەلا کرێکارو مەلا عەلی باپیر بوون لەلایەك‌و لەلایەکی تریش ئەو عەمامە بەسەرانەبوون کە بیرکردنەوەو تێڕوانینیان جیاوازبوو لەگەڵ ئەو گەنجانە. پاشان گرووپی هەمەجۆر درووست دەبن جەماعەتی ئیسلامی یەکەم گروپ دەبێ کە مەلا کرێکار دوای گەڕانەوەی لە پاکستان دروستی دەکات، کە زۆرێك لە راو هەڵوێستەکانی تەواو توندڕەوانە بوون. بەلاّم نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ، کە هەموو هەڵکاشان‌و داکشانەکانی ناو بزووتنەوە پەیوەندی بەو کۆنسێپتەوە هەیە کە لە پرسیاری پێشووتردا قسەمان لێکرد، ئەویش هەیمەنەدارو هەیمەنە لەسەر کراوەکان بوون.

زنار: بیرو هزری ئیسلامگەرایی لە چ ژینگەیەکدا گەشەدەکاو لەکوێدا دەوەستێ، پێت وانییە ئێستا بەرەو ئەوجی کاڵبوونەوە چووبێت.

ئیبراهیم مەلازادە: کاڵبوونەوەو خورتبوونی پانتایی هەر بیروهزرێك، پەیوەستە بەو بارودۆخە زاتی‌و بابەتیانەی کە ئەو بیروهزرانەی تێدا دەژین. ناتوانین باس لەکاڵبوونەوەی تەوژمی ئیسلامی سیاسی بکەین، تا هۆیەکانی سەرهەڵدانی بەتوندی لە کوردستان ئامادەبن. ناتوانین باس لە پاشەکشێی ئەو فیکرو تەوژمە بکەین، تا ژینگەیەکی لەبار هەبێ بۆ ژیان‌و بەردەوام بوونیان. پێموانیە هیچ هۆکارێکی سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، گۆڕانی بسەردا هاتبێ بۆ کەمبوونەوەی یان لەناوچوونی، بەپێچەوانەوە هەموو هۆکارەکان خورت ترو ئەکتیف ترن لە جاران. هاوکێشە هەرێمیەکان تەواو زەمینەی لەبارن بۆ ژیان‌و هەناسەدانیان. تەنانەت ئامادەبوونیان بۆ هاوکاری کردنی ئەمەریکیەکان لەپێناو گۆڕانی هاوکێشەکان، کە تا چەند ساڵێك لەمەو بەر ئەوە کوفری پلە یەك بوو. وێڕای ئەوەش سیاسەتی دەسەلاّتی کوردی بە شەوو رۆژ لە خزمەتی بێوچانی مانەوەو ژیان‌و بەرەو پێشڤەچوونی ئەوان دایە. خودی ئیسلامیەکان خۆیان گۆڕانێکی بابەتی زۆریان بەسەردا هاتووەو وردە وردە شوێن پێی بە هێزە ناسیۆنالستەکان چۆڵ دەکەن، دەیانەوێت خۆیان بکەن بە خاوەنی هەموو ئارمانجە ناسیۆنالزمەکان‌و لەتەك ئالاّی حزبیاندا ئالاّی کوردستان هەڵ دەدەن. گۆڕانەکانیش هەڵبەت سیاسین نەك دینی. کەواتە هەڵەیەکی گەورە دەکەین ئەگەر پێمان وابێ ئیسلامی سیاسی روو لە پووکانەوەیە.

هەنووکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە خودی ئەمریکەکان حزبێکی ئیسلامی میانڕەو لە تیرازی ئەردۆغان بە باشتر دەزانن لە پارتی‌و یەکێتی، لەبەر چەند هۆیەکی ئاسان، یەکەمیان: یەکێتی‌و پارتی لەبەر گەندەڵی‌و ململانێ‌و حزبایەتی لە پاشکۆی رووداوەکانن، تا ئێستا بچوکترین کیشەیان پێ چارەسەر نەکراوە، بەتایبەتی ئەو کێشانەی پەیوەست بە دەسەلاّتی بەغداو تا هەنووکەش بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە.. پەیوەندی ئەم دوو حزبە لەگەڵ پانتاییە سیاسیەکانی هەرێمایەتی، لەگەڵ (تەهران‌و دیمەشق‌و ئەنقەرە)لەو پەڕی خراپی دایە، ئەم سێ دەولەتە لە دژی دەسەلاّتی یەکێتی‌و پارتی هاوکارن، یەکێتی‌و پارتیش نە ئەوانیان بۆ رازی کراوە، نە دڵی کوردی ئەو پارچانەشیان وەخۆ هێشتووە. ئەوە لەبەرچاوی هەموو دونیا گەمارۆیان خستۆتە سەر قەندیل، بۆ رازیکردنی دڵی ئەنقەرە، بەلاّم ئەنقەڕە هەرگیز رازی نابێ. ئەگەر هەموو هێزیان کۆبکەنەوەو لە قەندیلیش دەریان پەڕێنن، چونکە ئەوکات بێهزتریش دەبن، ئەوکات ئەو هێزەی قەندیلیش نامێنێت بۆ ئەوەی وەکو هێزێکی چەکوش بەدەست لەکاتی تەنگانە پەنایان بۆ ببەن.

دووەمیان: حزبێکی ئیسلامی میانڕەو دەتوانێ پەیوەندی لەگەڵ ئەردۆغان خۆش بکات، هەروەها لەگەڵ ئێران‌و سوریاو بەغداش.

بەلاّم هەموو ئەو هەولاّنە لەچوارچێوەی نەخشەو پلانی ئەمریکادا دەبن. پێشمان سەیر نەبێ کە ئەندامێکی بەرزی یەکگرتوو لە کۆڕێکی خۆیدا بلێ" ئێمە ئاکەپەی کوردستانین"، بەلاّم لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە باس لەوە بکەین داخۆ تا چەند لە بەرژەوەندی پرسە نەتەوەییەکاندا دەێت.

زنار: دەرکەوتنی خێرای بزاوتی ئیسلامی‌و جۆرێك لە ئاوابوونی خێرای ئەو رەوتانەش چۆن لێك دەدەیتەوە، بەتایبەتیش پەیوەندی ئیسلامی کە ئێوە یەکێك لە رێبەرەکانیان بوون.

ئیبراهیم مەلازادە: پێموابێ بەشی یەکەمی پرسیارەکەمان لە وەلاّمی پرسیارەکانی پێشوو وەلاّم دایەوە. بەلاّم لێرەدا ئەو دەرفەتە دەقۆزمەوە کە هەندێك لەسەر رێکخراوی پەیوەندی خوێندکاران‌و لاوانی کوردستان قسە بکەم. سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین کە ئەوانەی ئەو رێکخراوەیان درووستکرد کۆمەڵێك خوێندکاری دڵسۆزی کورد پەروەری خاوێن بوون، نە بە سیاسەتی پارتی‌و یەکێتی رازیبوون‌و نەخۆشیان لەناو پانتایی ئیسلامیەکاندا دەدیتەوە، هەرهیچ نەبێ، هەنیدێکیان ئەوکۆمەڵە خوێندکارە، یا ئەگەر وردتربم، هەندێك لەو خوێندکارانە خەمی میللەتێکیان هەڵگرتبوو، بیریان لەوە دەکردەوە ئەو میللەتەش وەکو هەموو میللەتانی دونیا دەربکەوێ‌و رۆڵی کارای خۆی ببینێ لە پانتاییە هەرێمی‌و نێو دەوڵەتیەکاندا. زۆربەی زۆری ئەو خوێندکارانە هاوچەرخانە بیریان دەکردەوە، کە دەڵێم هاوچەرخانە، واتە ئەوکات زۆر لەپێش بوون لە ئەمڕۆی ئیسلامیەکانی کوردستان، سەبارەت پرسە نەتەوەیی‌و کۆمەلاّیەتیەکان. بۆیە هەر لەگەڵ درووستبوونیان، ئیسلامیەکان کەوتنە ململانێ لەگەڵیان. ململانێکی زۆر بە توندکردن‌و شلکردن. ململانێی هەیمەنەدارو هەیمەنە لەسەر کراو. ئەوەی ئاشکرابوو لەو سەردەمەدا، بزووتنەوە بالاّدەست بوو. لەهەموو ئاستەکانیش قەڵس بوون بەوەی کە رێکخراوێکی ئاوا مۆدێرن‌و بەتوانا هەبێ، مەترسی بێ لەسەر جەماوەری بوونی ئەوان‌و ناسیۆنالستەکانیش. بۆیە هەرزوو دەستیان تێخست‌و هەوڵی راکێشانیاندا بۆلای خۆیان، بڕیاریان دابوو ئەگەر راشنەکێشرێ ئەوا تێکی بدەن. هەر لەیەکەم چرکەساتی درووستبوونیدا، ئەو رێکخراوە لە کۆمەڵێك قەیراندا بوو. یەکەم قەیران، قەیرانی هەویە بوو: لەگەڵ عەقڵیەتی پاشڤەچووی ئیسلامیەکان هەڵیان نەدەکرد، نە لەرووی بیرکردنەوە، نە لەرووی ئیدارەو پراکتیکی ژیانی رۆژانە. تەنانەت لە جلوبەرگیش کێشەی لەگەڵیان هەبوو، بۆیە لەناو ریزەکانی بزووتنەوەدا، بە ئەندامانی پەیوەندی دەگوترا ئەفەندیەکان. لەلایەکی تریش ئەندامانی پەیوەندی خۆیان پێ باوەڕداربوو نەیان دەتوانی لەگەڵ هیچ حیزبێکی تر کە لە پانتایی باوەڕدا خۆی نادۆزێتەوە یەك بگرنەوە. تەواوی ئەندامانی پەیوەندی یا دەرچووی زانکۆکان بوون یا دەیانخوێند. لەهەموو ئاستێکی بەرزونزمی تێدا بوو. بۆیە ئەو رێکخراوە بە درێژایی تەمەنی خۆی نەیتوانی هەویەی خۆی دیاری بکات، داخۆ سەر بە حزبێکی ئیسلامین یان شتێکی تر، هۆیەکەشی ئەوەبوو، دوای دروستبوون‌و دەستبەکاربوونیان‌و درووستکردنی پرد لەگەڵ هەموو لایەنەکان، جیاوازیە فیکری‌و پراکتیکیەکان سەری هەڵدا. هەر لەسەرەتای (١٩٩٣)،دا ئەندامێکی کارای لێدەرچوو،چونکە لەرووی فیکری لەگەڵ ئەوانی دیکەدا نەدەهاتەوە.تەنانەت لەلایەن سکرتێری ئەوسای پەیوەندی مۆری کوفری بەسەردادرا. بۆیە هەرلەو چرکەساتەی ئەو ئەندامە دەرچوو، منیش پێم لەق بوون، لەبەر دوو هۆی سەرەکین یەکەمیان: چونکە لە زۆرشت لەناخی خۆمدا هاوڕابووم، لەگەڵ ئەو ئەندامە دەرچووە. دووەمیشیان: تووشی شۆك بووم کە لەسەر جیاوازی بیروڕا مۆری کوفربوون بەسەر ئەو ئەندامەدا درا. ئەمە سەرەتای دابڕان‌و پووکانەوەی پەیوەندی بوو. قەیرانی دووەم: مەسەلەی مادده بوو. پەیوەندی بەردێکی گەورەی هەڵگرتبوو، لەکاتێکدا دەزگایەکی راگەیاندنی دامەزراند کە(رادیۆو رۆژنامەو



بڵاوکراوەی) لە خۆ دەگرت، لەوکاتەدا ئیسلامیەکان هێشتا لە کولەکەی تەرپشدا دەنگێکیان نەبوو بێجگە لە پارتیو یەکێتیو هەندێك حیزبی تر. هەموو ئەو یارمەتیانەی بە پەیوەندی دەگەیشت لەرێی ئەو ئەندامانە بوو کە لە دەرەوەی وڵات دەژیان. هیچ لایەنێکیش ئامادەنەبوو بێ بەرامبەر پشتیوانی ماددی پەیوەندی بکات. بۆخۆشی زۆر هەوڵیدا، بەڵام بێهودە بوو لەبەر کەمی ئەزموونیان. پاشان دەست تێکەڵکردنی لایەنەکان لە ئیشوکارەکانی. دوای ئەوەش، تاکرەوی هەندێك لە بەرپرسەکانی بوو بە قەیرانێکی تری پەیوەندی لەلایەکو هاتنی کۆمەڵێك سەلەفی وشك بۆناو پەیوەندی لەلایەکیتر وایکرد هەموو جومگەکانی ئەو رێکخراوە لەبەریەك هەڵوەشێن. لەئاکامیشدا دوای خۆ هەڵوەشاندنەوەی زیاتر لە سەدا هەشتای ئەندامەکانی ئامادەنەبوون بچنە ناو ئیسلامیەکان. هەموویان بڵاوەیان لێکردوو گەرانەوە سەر ئیشو کاری رۆژانەی خۆیان، هەریەکێك بەپێی کارو شەهادەو تواناکانی خۆی. ئاوابوونی پەیوەندی، دەرەنجامێکی سروشتی بوو لەدوای راپەرین دروستبوو، خوێندکارەکان لە پانتایی جیاوازەوە هاتبوون، لە هەموو بڕیارەکانیاندا هاوڕاو کۆك نەبوون. توندرەویان تێکەوت، کەوتە کلملانێیەکی نا هاوسەنگ لەگەڵ حیزبە ئیسلامیەکان.

**زنار: بەهۆی نەبوونی (ئیجتیهاد)ەوە، خەڵەلێك لەگەڵ کۆمەڵگادا بەدی دەکرێ، یان پێت وایە نوێبوونەوە لە ئیجتیهاد لە ئیسلامیەکاندا ئەستەمە.**

ئیبراهیم مەلا زادە: پێموایە کۆتایی هاتن بە ئیجتیهاد، بە بنبەست گەیشتنی عەقڵی ئیسلامی بوو. چونکە لەدوای قۆناغی کلاسیکی کە گەشەسەندنێکی عەقلانی زۆری بەخۆوە بینیو زۆرجاریش پێی دەڵێن قۆناغی زێرین، کە موعتەزیلەکانیش هەر لەو قۆناغەدا سەریان هەڵدا، ئەو قۆناغە لەساڵی ١٥٠ی هیجری تا ٤٥٠ی هیجری(٧٦٧ـ١٠٥٨)خایاندی، لەدوای ئەوە چاخی سکۆلاستیکی دەستی پێکرد، کە محمد ئەرگۆن پێی دەڵێت( المدرسانیە التکراریە)واتە، قوتابخانەی دووبارەکردنەوە، یاخود جووتنەوە. پێشی وایە کە قەتیعە، یان دابڕانێك دروستبوو لەنێوان دونیای گەلانی موسڵمان لەگەڵ هەردوو عەقڵی قۆناغی کلاسیکیو عەقڵی رۆژئاواییش. دەرەنجامەکەش ئەو گەرەلاوژێیەیە کە ئەمرۆ گەلانی موسڵمان تێی کەوتوون.ئەگەر بڵێین هۆکارەکانی ئەم دواکەوتنە، داخستنی دەرگاکانی ئیجتیهادە، خۆ شیعە ئەم دەرگایانەیان دانەخستووە، ئەی بۆچی پێشناکەون؟، خۆ مالیزیەکانیش سوونەنو دەرگاشیان داخستووە، بەڵام لە بوژانەوەیەکی ئابووریو سەقامگیریەکی کۆمەڵایەتی گەورەدان. پێموانییە پێشکەوتنو دواکەوتن، پەیوەندی راستەوخۆی بە کرانەوە یا داخرانی دەرگای ئیجتیهادەوە هەبێ، چونکە ئەکتەرەکان لەهەر چرکەساتێکی مێژوویدا، بەرپرسن لە خۆ مانیفێستکردنیان بەو ئاراستەیەی کە دەیانەوێت. بەو مانایەی ئەو ئەکتەرانە تا چەند ئازادنو دەتوانن دەرکەونو مێژوو دروست بکەن. چونکە ئەکتەرەکان ناتوانن گۆڕان دروست بکەنو کاراییان دابنێنە سەر رەورەوەی بیناکردنی کۆمەڵایەتی خۆیان لەو چرکەساتەی کە تێیدا دەژین، ئەوا بێگومان ئەکتەری تر لە دەرەوەی کارایی خۆیان دادەنێنو ئەکتەرە ناوخۆکان دەبن بە کارتێکراو یاخود کار لەسەر کراو. کەواتە کێشەکە پەیوەستە بە عەقڵی ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگاکەیان دەبەن بەرێوە. ئەمرۆ هەموو پانتاییە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کاراییان لەسەر یەکتری هەیە. تۆ ناکرێ دەرگاو پەنجەرە لەسەر خۆت دابخەیو بڵێی کارم بەسەر دونیای دەرەوەدا نییە. ئەوەی ئەمرۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە گلۆبالیزەیە بە هەموو دەرهاویشتە پۆزەتیڤو نیگەتیڤەکانیەوە، هەر لە بازاری ئازادەوە تا دەگاتە بەرگری لە مافە دیموکراسیەکانو مافی مرۆڤو ئازادی رادەربڕینو ئازادی بیروباوەرو دینداریش. بۆیە ئەگەر مەبەست لە ئیجتیهاد هەر ئەوەبێ، لەسەر بنەمای ئەو دەقە پیرۆز گەراییانەی کە بەخەتی سوور دادەنرێنو دەبێ لە دەرەوەی ئەو دەقانەو لەسەر بناغەی ئەو دەقانەش ئیجتیهاد بکرێ، ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکەن، ئەگەر پێیان وابێ بەو شێوەیە گۆڕان دروست دەبێت. هەروەها پرسیاری گرنگ ئەوەیە کێ ئیجتیهاد دەکات؟ هەر ئەو پیاوە دینیانەی ئەزهەرو حیجازو پاکستانو کێو کێن؟ نەخێر کێشەکە بەوشێوەیە چارەسەر نابێت. چونکە کێشەکە لە خودی بیناکردنەکەدایە.. کێشەکە لە خودی سیستەمو پێکهاتەی عەقڵی موسڵمانەکاندایە. کەی ئەوان بەخۆیاندا چوونەوەو پرۆسەی خۆ هەڵوەشاندنەوەو خۆ دروستکردنەوە دەستی پێکرد ئەو ساتە بۆی هەیە گۆڕانێك روو بدات. خۆ هەڵوەشاندنەوە بەمانای هەڵگرتنی پیرۆزی لەسەر هەموو ئەو پانتاییانەی کە مرۆڤەکان ناوێرن دەستی بۆ ببەن، چونکە تا ئەو پانتاییانە دەستیان بۆ نەبرێو بەبێ ترس قسەیان لێنەکرێ، راستیو ناڕاستیان بۆ لێکناکرێتەوە. هەڵبەتە من ناڵێم با ببێت بە گەرەلاوژەو هەرکەسە بە کەیفی خۆی بێت سوکایەتی بە دەقەکان بکاتو قسەیان لەبارەوە بکات.. نەخێر ئەمەش لەخۆیدا پرۆسەیەکەو رێنیسانسی ئەوروپی قوربانی زۆر گەورەیان دا تا گەیشتن بەو قۆناغەی کە ئەمرۆ لەسایەیدا ئاسوودەبوون. یەکێك لەو بەرهەمانەش کە پێی گەیشتن، ئایدنتیتی ئەوروپییە، خەڵك چیتر فەرەنسیو هۆڵەندیو ئەڵمانی نییە.. تۆ لەهەر کوێیەکی ئەو ئەوروپایە هەست بە ئاسوودەیی دەکەی دەتوانی بێ بچووکترین کێشەو بێ ئەوەی دەست بۆ گیرفانت ببەی بۆ هەویە دەرهێنان بۆی بچیتو ژیان بەسەر ببەیو هەموو مافەکانی هاوڵاتیانی ئەو وڵاتەت هەبێ. هەنووکە سەدان کوردی هۆڵەندیو ئەڵمانی لە بەریتانیا دەژینو هەموو ئەو مافانەی کە ئینگلیزێکیش هەیانە ئەو کوردانەش هەیانە. ئا لێرەدا دووری نێوان رەهەندەکانی دەردەکەون. ئا لێرەشدا دەزانین کە کێشەکە لە خودی پێکهاتەی سیستەمەکەدایە، نەك لەوەی داخۆ ئیجتیهاد هەبێ یان نا؟. ئەگەر سیستەمەکە وا بمێنێتەوە، هەموو مەلایەکان کۆببنەوە کێشەکانی یەك سەرپۆش بەسەریان بۆ یەکلایی ناکرێتەوە. بۆیە چۆن هەڵەیە بەکەسێکی گەندەڵ بڵێی گەندەڵی مەهێڵە، ئاواش هەڵەیە بەکەسێکی ناو ئەو سیستەمە بڵێی ئیجتیهاد بکە! ئەو ئیجتیهاد ناکات، چوونکە بەرژەوەندی دەکەوێتە مەترسی ئەگەر دەسکاری ئەو کۆدە دینیانە بکات کە تا ئەمرۆ بوون بە پێکهاتەی

مەولود باوەمراد

# له ڕووداوەکانی دهـ
# ناتوانین بەسوڵحی



**دیمانە: پەیامنێری هەولێر**

ڕێزدار مامۆستا مەولود باوە مراد محیەدین ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانو ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامە نووسانی کوردستان لەم دیدارە کورتەی زناردا باس لە چەند باسو خواسێکی سیاسیو حزبی دەکات.

**زنار: ئەو یاداشتانەی داتانە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵای پارتەسیاسیەکانو پەسند کراو، داواتان لێکرا پڕۆژە تەقدیم بکەن بۆ چاکسازی، ئێوە چ پڕۆژەیەکتان هەیە.**

مەولود باوەمراد: یاداشتەکە بەشێوەیەکی گشتی وەسفی بارودۆخی گشتی هەرێم دەکاتو ئاماژە بەهێڵە گشتیەکانی کەمو کورتیو پێویستیەکان دەکات، بۆیە لەکاتی پێشکەشکردنی بەئەنجومەنی باڵاو موتالاَکردنیو دواتر کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەشی هەردوو حزبەکە لەگەڵ ئەم چوار حیزبە داواکرابوو ئەم خاڵو بڕگەی ناویاداشتەکە گشتینو بیکەنە پڕۆژەیەکی نووسراوو میکانیزمی جێبەجێ کردنی دیاری بکەن، تائەوەی دەکرێتو قابیلی جێبەجێکردنە بدرێتە حکومەتو دەزگا فەرمیەکان بۆ پیادەکردنو کارلەسەرکردنی، بۆئەم مەبەستە چوار حزبەکەش لای خۆیانەوە لیژنەیەکیان لەمەکتەب سیاسیەکان پێکهێنا بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەیەك بەپشت بەستن بەهێڵەگشتی یەکانی ناو یاداشتەکە، کەلەچەند تەوەرەو بڕگەو خاڵێك پێکهاتووە، دەربارەی بژێوی خەڵكو گرانی بازاڕو خزمەتگوزاریەکانو چاکسازی ئیدارەی حکومەتی هەرێمو مادەی ١٤٠ی تایبەت بەگێڕانەوەی کەرکوكو ناوچە